دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە٦٨٧، شەممە ١ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com



## مستەفا هیجری:
## دەستپێکردنەوەی خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات لەسەر لێکدانەوەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و ویستی خەڵکی کوردستان بووە

ل ٣



مستەفا هیجری:
هەمووما بە خەباتی یەکگرتوو حکوومەتێکی دێموکرات کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵک بکات پێکبێنین

٤



ڕانت لە ئێرانی ئیسلامیدا!

٦



وتووێژی کوردستان لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری

٨



مەسعوود تەک:
ئەگەر نەتوانین پشتگیری لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین،...

١٠

# دیپلۆماسیی ڕاسان دەروازەکانی ئورووپای کردەوە



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکردتی کوردستانی ئێران لە سەردانەکەیدا بۆ وڵاتانی ئورووپایی، کۆمەڵێک دیداری لەگەڵ ناوەندەکان، ڕێکخراوەکان و بەرپرسانی سیاسیی جیاواز ئەنجام داوە و وێڕای شی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان و ئێران لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، لە هۆکار و ئامانجەکانی دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕاسان) ئاگاداری کردنەوە و داوای لێ کردن پشتیوانیی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریدەری نەتەوەی کورد و هەوڵەکانی ئازادیخوازانی ئێران لەمەڕ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕزگاریی نەتەوەکانی ئێران لەژێر دەسەڵاتی ئەم سیستمە سەرکوتکەر، دواکەوتوو و دژەمرۆییە بکەن.

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، لە پارلمانی ئورووپا و لە کۆنفڕانسی سوسیال دێموکراتەکانی ئەم پارلمانە و لە "پرۆگرێسیڤ ئالیانس"، لە میانەی لێدوانی خۆیدا، دەستپێکردنەوەی قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی بە دەرئەنجامی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕێبەرایەتیی حیزب و خواستی خەڵکی کوردستان باس کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە درێژەی وتەکانی خۆیدا ئاماژەی بەوەش دا کە؛ "بە تێڕوانینی ئێمە و ئەزموونی ٣٧ ساڵ خەباتمان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، بە دەستهێنانی ماف و داخوازییەکان لە دوو ڕێگاوە وەدی دێ:

یەکەم: ڕووخان و نەمانی ئەو ڕێژیمە و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک بە بەشداریی هەموو نەتەوەکانی ئێران.

دووهەم: هەموو ئازادیخوازانی ئێران بە تایبەت نەتەوە ماف پێشێلکراوەکان لە بەرهەڵستکارییەکی بەرفراواندا هێز و توانای خۆیان بخەنە سەریەک و دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە لە مەترسییەکی جیددی بخەن".

هەروەها ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی، سەردانی بنکەی پارلمانی ئورووپا لە بروکسێلیان کرد و لە دانیشتنی جیا جیادا لەگەڵ "جارۆمیر ئێستێتینا" ئەندامی پارڵمانی ئورووپا لە فڕاکسیۆنی ئورووپا و جێگری بەرپرسی کۆمیتەی ئەمنیەت و بەرگریی پارڵمانی ئورووپا، "تونێ کێلئام" ئەندامی ئەم پارڵمانە لە فڕاکسیۆنی "پارتەکانی گەل"ی ئورووپا و ئەندامی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و کۆمیتەی ئەمنیەت و بەرگریی پارڵمان و "لارس ئاداکتۆسوون" ئەندامی پارڵمانی ئورووپا و ئەندامی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و ئەندامی کۆمیتەی مافی مرۆڤی پارڵمانی ناوبراو کۆبووەوە.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دووهەمین ڕۆژی کاریی ڕێکخراوی "پرۆگرێسیڤ ئالیانس" کە بە ئامادەبوونی سەرۆکی پارڵمانی ئورووپا مارتین شۆڵتز، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا فێدریکا موگێرینی و دەیان ڕێبەر و بەرپرسی بەرزی ئەو ڕێکخراوە لە پارلمانی ئورووپا دەستی بە کارەکانی کرد، بەشداریی کرد.

لە درێژەی ئەم دیدارانەدا، سەر لە بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەزبەر، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب، لەگەڵ هەیئەتێکی "دەفتەری دۆسیەی ئێران و مافی مرۆڤی دامەزراوەی پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا" لەسەرخەباتی حیزبی دێموکرات، بنەما هزرییەکان و بەستێنە گونجاوەکانی ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کاریگەرییەکانی پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئورووپا لەپێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران باس و گفتوگۆیان کرد.

لە هەمان ڕۆژدا، شاندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ "کلاوس بوچنێر"، ئەندامی پارڵمانی یەکیەتیی ئورووپا لەسەر فراکسێونی کەسکەکان و ئەندامی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی ئەم پارڵمانە کۆبوونەوە.

هەروەها سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ "مارینیو بوسداچی" سکرتێری ڕێکخراوی "نەتەوە بێدەوڵەتەکان"(UNPO) کۆبوونەوە و وێڕای شی کردنەوەی بارودۆخی سیاسی و ئەمنیەتیی کوردستانی ئێران، پێداگرییان لەسەر چۆنیەتی پتەو کردنی هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتری نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئێران کردەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن کاریگەری زیاتریان هەبێ لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی ئێران.

بەڕێز بوسداچی لەم دیدارەدا، خەباتی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی بە باشقەیەکەی شیاو بۆ نەتەوەکانی دیکە ناوبرد و خوازیاری ڕۆڵگێڕیی زیاتری حیزبی دێموکرات بوو لە هاندانی سەرجەم نەتەوە زوڵمێکراوەکان بۆ ڕوو کردن لە خەباتی ڕزگاریدەر.

لە هەمان ڕۆژدا، هەیئەتی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ "ئەورماس پایەت"، وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی وڵاتی ئێستوونی و ئەندامی هەنووکەی کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوە و کۆمیتەی ئەمنیەت و بەرگریی پارلمانی ئورووپا لە فراکسێۆنی لیبراڵەکان کۆبوونەوە.

ڕاپۆرتی تێروتەسەلی هەواڵە پێوەندیدارەکان بە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەم سەفەرەدا و هەروەها دەقی تەواوی وتارەکەی بەڕێزیان لە پارلمانی ئورووپا، لە لاپەڕەکانی دواتردا هاتووە.

## نەتەوە یەکگرتووەکان:
## ڕێژیمی ئەسەد سێ جار چەکی شیمیایی لەدژی نەیارانی خۆی بەکار هێناوە

لێکۆڵینەوەکانی شۆرای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەری خستووە کە ڕێژیمی ئەسەد سێ جار بە چەکی شیمیایی هێرشی کردووەتە سەر ئەو ناوچانەی کە دژبەرانی ڕێژیمەکەی تێدا بوون.

شۆرای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ئۆکتۆبر لە چوارەمین ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی پەرەدان بە چەکە شیمیاییەکان کە لە ژێر چاوەدێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ماوەی ١٣ مانگ درێژەی کێشا، ڕایگەیاندووە کە؛ هێزەکانی بەشار ئەسەد لە ڕێکەوتی ١٦ی مارسی ٢٠١٥دا ناوچەی "قۆميناس" لە پارێزگای ئەدلەبیان بە گازی کوشندە کردووەتە ئامانج.

ئەم کۆمیتەیە کە بە تیمی "ئامرازی لێکۆڵینەوەی هاوبەش" دەناسرێ، لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاشکرای کردووە کە؛ هێلیکۆپتێرە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی سووریە ٢ شاری تەلمەنس و سەرمینیان لە پارێزگای ئەدلەب لە باکووری ڕۆژئاوای سووریە لە ئاوریلی ٢٠١٤دا و لە ١٦ی مارسی ٢٠١٥دا، کردووەتە ئامانجی چەکە شیمیاییەکانیان.

ئاسۆشیتێدپرێسیش ڕایگەیاندووە کە؛ لە سێ شوێنی دیکەشدا لە چەند ناوچەیەکی سووریە، کەڵک لە چەکی شیمیایی وەرگیراوە، بەڵام کۆمیتەی لێکۆڵینەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمبارەوە دەڵێ، هێشتا بەڵگەی تەواومان لەو پێوەندییەدا نییە.

ئەم کۆمیتە ڕایگەیاندووە؛ لەو سێ حاڵەتەدا بۆمبە ئاگردەرەکان لە هێلیکۆپتێرەوە فڕێ دراونەتە خوارێ و بەو هۆیەوە کە تەنیا هێزەکانی ئەسەد دەستیان بە هێلیکۆپتێر ڕادەگات، کەواتە ئەوان تاوانبارن بە کەڵک وەرگرتن لە چەکە شیمیاییەکان.

یەکێک لەم هێرشانە لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئاوریلی ٢٠١٤، لە ناوچەی "کفرزیتا" لە پارێزگای حەما ڕووی داوە.

کەڵک وەرگرتن لە گازی کوشندەی "کلۆر"، وەکوو چەکێکی شیمیایی کوشندە لە ساڵی ١٩٩٧دا قەدەغە ڕاگەیەندرا و ڕێژیمی سووریە لە ساڵی ٢٠١٣دا پاش هەڕەشەکانی ئامریکا ناچار بوو کۆنوانسیۆنی قەدەغەبوونی چەکە شیمیاییەکان واژۆ بکات.

پێویست بە ئاماژەیە هەڵمژینی گازی کلۆر کە هەڵگری جۆرێک ئەسیدی هیدرۆکلۆریکە، دەبێتە هۆی سووتان و لەنێوچوونی یەکجارەکیی سییەکان و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی خنکان و مردنی مرۆڤ.

## پەیڤ

### خاکی سووتاو!

کەریم پەرویزی

لەو شەڕە جیهانی و ناوچەییەدا کە لە مووسڵ بەڕێوە دەچێ و لە داهاتوودا بەرەو ڕەققە دەکێشرێ و ڕەنگە تا حەلەب و ئەدلەب درێژەی هەبێ، هێز و لایەن و بەرژەوەندیی جۆربەجۆر لە شەڕدان و بەتایبەتی بەرژەوەندیی ڕووسیە و ئامریکا دژبەری یەکن و شەڕی نیابەتی بە دەستی کەسانی دیکە بەڕێوە دەبەن. هەرچەند باس لەوە دەکرێ کە شەڕی مووسڵ زوو کۆتایی پێ بێنن، بەڵام ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە ئەم شەڕە درێژماوە دەبێ و بە شێواز و لە شکڵی جودادا درێژەی دەبێ، تاکوو ئەو کاتەی زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان بگەنە جۆرێک لە هاوسەنگیی هێز کە ئیتر لەوە زیاتر نەتوانن بەرژەوەندییان دابین بکەن یان هەزینەی زەربەلێدان لە بەرژەوەندیی یەکدی بگاتە ئاستی مەترسی لە سەر بوونی خۆیان!

بەڵام ڕۆڵ و جێگەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لێکدانەوە و شیکاریی و تەنانەت هاوسەنگیی هێزدا لەبەرچاو ون دەکرێ، کە هەندێکی لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیەوە بەئانقەست دەکرێ و هەندێکیشی لە ڕووی ئاڵۆزیی پرسەکانەوە لە تەپوتۆزدا ڕۆڵی ئێران ون دەبێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهیەوە و بە تەماحی هەناردەکردنی ئیدئۆلۆژیەکەی و بە پێناسەکردنی مەترسییەکانی سەر دەسەڵاتی، دەیەوێ ناوچەکە سیمایەکی دیکە بگرێتە خۆ.

دوای کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا و دوای ڕێککەوتنی بەرجام! کۆماری ئیسلامی دەرەتانێکی بۆخۆی هەست پێکرد و بە کردەوەیی دەیباتە پێش کە ستراتژیی بەرژەوەندییەکانی لە پەیوەستبوونی قوم بە دەریای مەدیترانەدا دەبینێتەوە. بۆیە باس لە قوم دەکرێ لەباتی تاران، تا وەبیرمان بێ کە تاران پێتەختی کارگێڕییە بۆ جێبەجێکردنی تەماحەکانی قوم!

پەیوەست بوونی قوم بە دەریای مەدیترانە، بە ناوچەیەکی بەرین و پڕ حەشیمەتی عەرەبی سوننی و هەندێک جار کورددا تێپەڕ دەبێ و ئەو خەڵکەی لە ناوچە دەژین، ڕێگەی تەماحەکانی قوم دژوار دەکەن، بۆیە بۆ کۆماری ئیسلامی پێویستە کە ئەو ناوچەیە وێران بێ و داری بەسەر بەردیەوە نەمێنێ و

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# مستەفا هیجری لەگەڵ ئەندام پارلەمانێک و دامەزراوەی پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا کۆبووەوە

لە درێژەی کۆبوونەوەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەندام پارلەمان و دامەزراوەکانی یەکیەتی ئورووپا، هەیئەتی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری لەگەڵ ئەندام پەرلەمانێک و دامەزراوەی پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا کۆبوونەوە.
سەر لە بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەیئەتێکی دەفتەری دۆسیەی ئێران و مافی مرۆڤی دامەزراوەی پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا، کە پێکهاتبوو لە سێ کەس، لەسەرخەباتی حیزبی دێموکرات، ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کاریگەرییەکانی پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئورووپا لەپێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبوونەوە.
لەم کۆبوونەوەیەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە وردی لایەنە جیاوازەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتی لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات باس کرد و لەو پێوەندییەدا گوتی: حیزبی دێموکرات نزیک بە دوو ساڵ لەمەوبەر بڕیاری دا هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی کوردستان حزووری هەبێ، بۆ ئەوەی ورە بە خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێرانیش بدات بۆ ئەوەی خەباتی مەدەنی بەرانبەر بە ڕێژیم پتەوتر بکەن. ساڵی ڕابردوو تێکهەڵچوونی نیزامی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی نەهاتە ئاراوە، چوونکە حیزبی دێموکرات بڕیاری دابوو کە پێشمەرگە هێرش نەکاتە سەر هێزەکانی ئێران، و تەنها بەرگری لە خۆیان بکەن، بەڵام ئەمساڵ هێزەکانی ئێران چەندین جار هێرشیان کردووەتە سەر هێزی پێشمەرگە و ئەوان مەجبوور بوون بەرگری لە خۆیان بکەن. ئێمە لەو باوەڕە داین کە بەداخەوە ئەم دەرگیریانە درێژەیان دەبێ، چوونکە حیزبێ دێموکرات خەباتی خۆی درێژە پێ دەدا و ناوەڕۆکی ئیدئولۆژی و ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوە قەبووڵ ناکات کە گەلی کورد ئازادانە داواکاری و پرسی نەتەوەیی بێنێتە ئاراوە.
سەبارەت بە پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئورووپا و کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوای ڕێکەوتنە ناوکیەکە، مستەفا هیجری پێداگری لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدا کەڵکی نابەجێ وەربگرێ لەم پێوەندییانە، بۆ نموونە زەبر و زەنگ بەرانبەر بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی مافخواز لە ئێران و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، زیادی کردووە و لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی ئێران پەرەی بە دەستێوەردان و نانەوەی ئاژاوە و شەڕ لە نێو وڵاتانی دراوسێی خۆی داوە. کۆماری ئیسلامی پێیوایە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی چاوپۆشی لەم کردارانە دەکا و هەر بۆیە کردارەکانی هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوە توندتر دەبێ، و یەکیەتیی ئورووپا نابێ بێدەنگ و بێهەڵوێست بێ لەم پێوەندییەدا. هیجری هەروەها گوتی لە ماوەی ٢٧ ساڵی ڕابردوودا، وڵاتانی ئورووپا لە حاڵەتی جیاوازدا زۆر هەوڵیان داوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بسازێن، بەڵام ڕێژیم بە کردەوە نیشانی داوە کە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپا لە ڕوانگەی تاکتیکی و کاتی بەڕێوە دەبا بۆ ئەوە کەڵک لەم پێوەندییانە وەربگرێ بۆ زیاد کردنی نفوز و دەسەڵاتی خۆی لە نێوخۆی ئێران و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. شاندی دامەزراوەی پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا ئیشارەیان بەوە کرد کە؛ ئەوان لەنێو خۆاندا بیروبۆچوونی جیاوازیان لەسەر پرسی جۆراوجۆر لەپێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، و هەوڵ دەدەن لە ڕێگای وتوێژەکانیانەوە هەموو ئەم پرسانە هەنگاو بە هەنگاو چارەسەر بکەن.
لە هەمان ڕۆژدا شاندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ کلاوس بوچنێر، ئەندامی پارڵمانی یەکیەتیی ئورووپا لەسەر فراکسیۆنی کەسکەکان و ئەندامی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی ئەم پارڵمانە کۆبوونەوە. لەم کۆبوونەوەدا هیجری باسی بنەما فکری و عەمەلییەکانی ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کرد و ئیشارەی بەوە کرد کە؛ خەڵکی کوردستان بەشداریی لە هەموو بوارەکانی ئەم قۆناغە نوێیە لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن، و حیزبی دێموکرات لەو باوەڕە دایە کە ئەرکدارین بە هەموو هێز و توانای خۆمانەوە پاڵپشتی گەلەکەمان بین و داوای ئێمە لە ئەندام پارلمانەکانی یەکیەتیی ئورووپا ئەوەیە کە پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن.
هیجری هەروەها سپاسی بوچنێری کرد بۆ ئەوە کە بەردەوام داوای ئەوەی کردووە کە هەموو زیندانیە سیاسییەکان لە نێو ئێران ئازاد بکرێن. بوچنێر ئیشارەی بەوە کرد کە ناوبراو و چەندین ئەندام پارڵمانی دیکە هەوڵیان دا کە پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ئێران مەرجدار بێ، و ئەگەر لە داهاتوودا بۆ نموونە ڕێککەوتنێکی بازرگانی لەگەڵ ئێران ببەستردرێ، دەبێ یەکێک لە مەرجەکان ئەوە بێ کە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکانی ئێران کۆتایی پێ بێ، پێش ئەوەی قەرارادەکە گرێ بدرێت.

# دووهەمین ڕۆژی کاری پڕۆگرێسیڤ ئالیانس لە پارڵمانی ئورووپا بەڕێوە چوو

بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەرۆکی پارڵمانی ئورووپا، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و چەندین ڕێبەر و بەرپرسی پایەبەرزی ڕێکخراوی "پڕۆگرێسیڤ ئالیانس"، دووهەمین ڕۆژی کاری "پڕۆگرێسیڤ ئالیانس" لە پارڵمانی ئورووپا بەڕێوە چوو.
سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، دووهەمین ڕۆژی کاری "پڕۆگرێسیڤ ئالیانس" لە پارڵمانی ئورووپا دەستی پێکرد. لە ڕۆژی دووهەمی کاری کۆنفرانسی ئەم ڕێکخراوەدا، سەرۆکی پارڵمانی ئورووپا مارتین شوڵتز، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا فێدریکا موگێرینی و دەیان ڕێبەر و بەرپرسی بەرزی ڕێکخراوی "پڕۆگرێسیڤ ئالیانس" بەشدارییان کرد.
کۆبوونەوەکە لە لایەن "جیانی پیتێلا" سەرۆکی گرووپی سوسیالیست و دێموکراتەکانی پارڵمانی ئورووپا کرایەوە. دواتر سەرۆکی پارڵمانی ئورووپا مارتین شوڵتز، وتارێکی پێشکەش کرد لە سەر هاوکاری و هاوئاهەنگی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دونیا بۆ پێکهێنانی جیهانێکی دادپەروەرانە و ئاشتی جیهانیی.
لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنفڕانسەکەدا، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا فێدریکا موگێرینی قسەی کرد و لە سەر دۆزی پەنابەری و دەرفەت و بەربەستەکان لە بەردەم ئاشتی و سەقامگیریدا وتارێکی پێشکەش کرد.
لە درێژەی کاری دووهەمین ڕۆژی کاری کۆنفڕانسی ڕێکخراوی "پڕۆگرێسیڤ ئالیانس"دا، دوو پانێلی جیاواز لە سەر مژاری جیا جیا بەڕێوە چوون و تێدا چەند کەسایەتی پایە بەرزی سیاسی لە ئورووپا، ئامریکا، ئافریقا و ئاسیا قسەیان کرد.

# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ٣ ئەندام پارڵمانی ئورووپا کۆبووەوە

لە درێژەی چالاکییە دیپلۆماتیکەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە بلژیک، مستەفا هیجری لەگەڵ سێ ئەندام پارڵمانی ئورووپا کۆبووەوە و لە سەر ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەروەها ڕۆڵی نەرێنی و دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران لە کار و باری وڵاتانی ناوچە و هەروەها زیادبوونی زەخت و توندوتیژی لە نێوخۆی ئێران دوای ڕێککەوتنی وڵاتانی ٥+١ لە سەر بەرنامەی ناوکیی ئێران هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیان شی کردەوە.
ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری، سەردانی پارڵمانی ئورووپا لە شاری "برۆکسێل"یان کرد و لەگەڵ سێ پارڵمانتار کۆبوونەوە.هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە یەکەمین کۆبوونەوەدا، لەگەڵ "جارۆمیر ئیستێتینا" ئەندامی پارڵمانی ئورووپا لە فراکسیۆنی ئورووپا و جێگری بەرپرسی کۆمیتەی ئەمنیەت و بەرگریی پارڵمانی ئورووپا کۆبووەوە.لەم کۆبوونەوەیەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری، سەرەتا ئاماژەیەکی کورتی بە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد و هەروەها خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە پێناو دابینکردنی مافە دێموکراتیکەکانی گەلی کوردی خستە بەر باس. هیجری هەروەها تیشکی خستە سەر بنەما سیاسییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەمبەر گەلانی ئێران و نکۆڵی کردن لە هەموو ماف و ئازادییەکانیان. مستەفا هیجری باسی ئەوەی کرد کە؛ دوو ڕێگا لە هەمبەر گەلی کورد لە ئێراندا ماوە، یان دەبێت ملکەچ و تەسلیمی ویستەکانی ڕێژیم بن و واز لە هەموو مافەکانیان بێنن، یان ئەوەیکە خەبات دژی ئەم ڕێژیمە پتەوتر و بەربلاوتر بکەین، کە حیزبی دێموکرات ڕێگای دووهەمی هەڵبژاردووە. لەم پەیوەندییەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو دیدارەدا باسی لە هۆکارەکانی دەستپێکردنی قۆناغی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "ڕاسان" کرد.هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی دیدارەکانی لە پارڵمانی ئورووپا، لەگەڵ "تونێ کێلئام" ئەندامی پارڵمانی ئورووپا لە فراکسیۆنی "پارتەکانی گەلی ئورووپا The European People's Party و ئەندامی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و کۆمیتەی ئەمنیەت و بەرگریی پارڵمانی ئورووپا کۆبووەوە. ناوبراو دۆستێکی نزیکی گەلی کوردە.
لەم کۆبوونەوەیەدا، مستەفا هیجری باسێکی لە سەر بارودۆخی سیاسی و ئەمنیەتیی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لایەنە جیاوازەکانی ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کرد. هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە هەڵوێستەکانی هێندێک لە وڵاتانی ئورووپا لە پەیوەندییەکانیان سەبارەت بە ڕێژیم دوورە لە ڕاستی و ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ڕێژیم.
مستەفا هیجری باسی ئەوەی کرد کە؛ بەشێک لە پارڵمانتارانی ئورووپایی دەیانهەوێت ئەو ڕەشنووسەی ئامادە کراوە و بڕیارە بە زوویی سەبارەت بە بارودۆخی گشتیی ڕێژیمی ئێران دەنگدانی لەسەر بکرێت و تێدا وا پیشان بدرێت کە سیاسەتەکانی ڕێژیم لە بواری ئابووری و مافی مرۆڤەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بخەنە دەنگدانەوە.هیجری لەم کۆبوونەوەیەدا پێداگریی لە سەر ئەوە کرد کە؛ ئەگەر بێتو لە سەر پێداگریی ئەو بەشە لە پارڵمانتارانەی ئورووپا ڕەشنووسەکە لە دەنگدان دەربچێت، وەکوو خاڵێکی لاوازی پارڵمانی ئورووپا چاوی لێدەکرێت و لەگەڵ ڕەخنە و نارەزایەتیی ئازادیخوازانی ئێران و بەتایبەت گەلانی ئێران بەرەورووو دەبێتەوە، چوونکە ناوەرۆکی ئەم ڕەشنووسە دوورە لە هەموو ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگای ئێران.
لەم دیدارەدا "تونە کێلئام" نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە چاوپووشی هێندێک پارڵمانتارانی یەکیەتیی ئورووپا لە سیاسەتە مەترسیدارەکانی ئێران خستە ڕوو و باسی ئەوەی کرد کە؛ چۆن لە ڕابردوودا پێداگریی لە سەر پێویستیی جێگرکردنی حەق و عەداڵەت لە نێوخۆی ئێران بۆ هەموو پێکهاتەکانی و خستنەڕووی ڕاستییەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوە و نێوخۆ کردووە و لە داهاتووشدا هەمان هەڵوێست دەنوێنێ.لە هەمان ڕۆژدا، هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ لارێس ئاداکتۆسوون"Lars Adaktusson، ئەندامی پارڵمانی ئورووپا و ئەندامی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و ئەندامی کۆمیتەی مافی مرۆڤی پارڵمان کۆبووە.لەم کۆبوونەوەیەدا باسی دەستێوەردان و ڕۆڵی ڕێژیمی ئێران بۆ درووستکردنی ناسەقامگیریی لە نێو کار و باری وڵاتانی ناوچە کرا. دواتر بە وردی باسی بارودۆخی ئێستای کوردستانی ڕۆژهەڵات و خەباتی حیزبی دێموکرات لەم بەشەی کوردستان کرا. لەم پەیوەندییەدا، مستەفا هیجری باسی ئەوەی کرد کە؛ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارێکەوە هەوڵ دەدات لە وڵاتانی دەوروبەری خۆی ئاژاوە بنێتەوە و ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنیەتی ساز بکات.کردەوەکانی ڕێژیمی ئێران لە سووریە و عێراق و یەمەن دەرخەری ئەم ڕاستییانەیە. تایفەگەرایی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە وای کردووە کە وڵاتانی سوننەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستن.
"لاش ئاداکتۆسوون" لە سەر خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کۆمەڵێک پرسیاری لە شاندی حیزب کرد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە وردی وەڵامی پرسیارەکانی ئەم پارڵمانتارەی دایەوە.

# کۆبوونەوەیەک بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە بلژیک بەڕێوە چوو

کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لە سەر هەڵسەنگاندنی دوایین ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پرسی کورد لە ناوچە و بەتایبەت دەستپێکردنی قۆناغی نوێی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (ڕاسان) لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، لە وڵاتی بلژیک بەڕێوە چوو.
ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، بە مەبەستی شی کردنەوەی دوایین هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر دوایین ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پرسی کورد لە ناوچە و بەتایبەت دەستپێکردنی قۆناغی نوێی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (ڕاسان) لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە لە شاری "گێنت"ی وڵاتی بلژیک، کۆبوونەوەیەک بۆ مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکخرا.
لە کۆبوونەوەکەدا وێڕای نوێنەرانی چەند حیزبی کوردستانی لە باشوور، باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و نوێنەرانی کۆمیتەی هاوبەشی حیزبە کوردستانییەکان لە بلژیک، بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتانی بلژیک و هۆلەند بەشدار بوون.



کۆبوونەوەکە بە پێشکەش کردنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی ڕاسان دەستی پێکرد.
دواتر بەها ئیبراهیمی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە بلژیک، وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ وڵاتی بلژیک، سپاسی نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەی کرد و دواتر ئاماژەی بە ئامانجەکانی پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوە تایبەتەی کرد کە بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ڕێکخرابوو.
دواتر مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، باسەکەی لە چەند تەوەری جیاوازدا دەست پێکرد و بە وردی تیشکی خستە سەر دوایین ئالوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و دۆخی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان و دەستپێکردنەوەی قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات لە ژێر ناوی "ڕاسان".
لە تەوەری یەکەمی کۆبوونەوەکەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە وردی ئاماژەی بە بڕیاری حیزبی دێموکرات بۆ دەستپێکردنی "ڕاسان" لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد و هەموو لایەنەکانی ئەم بڕیارە گرینگەی حیزب لەمەڕ بەهێزکردنی خەباتی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی ئێران و گرێدانی خەباتی شاخ و شاری شرۆڤە کرد.
هیجری لەم تەوەرەدا ئاماژەی بەوە کرد کە نزیک بە ٢٠ ساڵ بوو، جووڵەی هێزی پێشمەرگە لە نێو قووڵایی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرچاو نەبوو و یان لاواز بوو، بەڵام هەڵسوکەوتی دژی گەلی و ستەم و سیاسەتی سەرکوتکەری ڕێژیم لە هەموو بوارەکاندا دژ بە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان نە تەنیا کەمی نەکرد، بەڵکوو هەر وەکوو جاران درێژەی بەم پێشێلکارییانە دا. بۆیە حیزبی دێموکرات وەکوو بەرپرسیارییەتیەکی مێژوویی، خۆی بە بەرپرسیار زانی لە هەمبەر ئەم دۆخە ناڵەبارەی چارەنووسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڕیاربدات کە قۆناغێکی نوێی خەباتیی جیدی، بە هاندان و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە ڕێک بخرێت، و بەم چەشنە لە ساڵی ڕابردووەوە هێزی پێشمەرگە بۆ پەیوەندیی سیاسی و ڕێکخستنی لەگەڵ خەڵکی کوردستان گەڕانەوە ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات بۆ سەرخستنی ئەم بڕیارە مێژووییە و سەرکەوتنی پرۆسەی گرێدانی خەباتی شاخ و شار بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە درێژە بەم خەباتە دەدات. لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا، مستەفا هیجری بە وردی تیشکی خستە سەر ڕۆڵی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ ئاژاوەنانەوە و درووستکردنی ئاڵۆزی لە ناوچە بە قازانجی ئیدۆلۆژی ئەو ڕێژیمە و ئاماژەی بەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانایەوە هەوڵ دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە لەو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدات.
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها باسی ئەوەی کرد کە؛ هەتا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران مابێت، ناوچەکە ئارامی و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات جەختی لە سەر ئەوەش کردەوە کە؛ کۆماری ئیسلامی لە پیلانێکی ناوچەییدایە، بە جیددی و پلاندارێژراو دەیهەوێ ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان هێزە کوردییەکانی بەشەکانی کوردستان پەرە پێبدات و لەم بارەوە ئاماژەی کرد بە چەندین نموونەی ئەم هەوڵانەی ڕێژیمی ئێران.
لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا، مستەفا هیجری بە تیشک خستنە سەر ڕووداوەکانی ناوچە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرچاوتر دەبن، دۆز و خەباتی کوردی لە هەر یەک لە بەشەکانی کوردستانی شرۆڤە کرد و پێداگریی لە سەر ئەوە کرد کە کورد لە قۆناغێکی هەستیار و مێژوییدا بە سەر دەبات، بۆیە دەبێت بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، هەوڵ بۆ یەکڕیزی، یەکگرتوویی و هاوخەباتیی هێزە کوردستانییەکان لەم پێڤاژۆیەدا بدرێت. دوای ئەو باسە گرینگ و بەربڵاوەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان و بەشدارانی کۆبوونەوەکە، وێڕای خۆشحاڵی دەربڕینی خۆیان بۆ سەردانەکەی هیجری بۆ وڵاتی بلژیک، پرسیاری تایبەت بە تەوەرەکانی باسەکەیان، هێنایانە گۆڕێ و لە کۆتایی تیبینی و پرسیارەکانی بەشدارن، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەڵامی یەک بە یەکی تێبینی و پرسیارەکانی دایەوە.

## درێژەی پەیڤ

خەڵکەکەی جینۆساید بکرێن و لە شوێنی خۆیان دەر بکرێن تاکوو، کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی سوپای قودس و حەشدی شەعبی و ئەرتەشی بەشیعەکراوی عێراقی و حیزبوڵلای لوبنان و پارێزەرانی حەرەم و هێزەکانی دیکەیەوە، شارەکان جۆرێکی دیکە بونیات بنێتەوە و پێکهاتەی حەشیمەتیەکەی بگۆڕی و زۆرینەیان لە لایەنگرانی ئیدئۆلۆژیی قوم بن تاکوو بیرۆکەکانی قوم لە جەلەولاو سەعدیەوە و بە ڕێگای بەعقوبە و داقوق و کەرکووکدا بە مووسڵ بگەن و لەوێوە بەرەو ڕەققە و عەلەب بکشێن و بگەن بە لازقیە وتەرتووس و لە سەر دەریای مەدیترانەوە چاو ببڕنە ئورووپا!

# مستەفا هیجری: دەستپێکردنەوەی خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات لەسەر لێکدانەوەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و ویستی خەڵکی کوردستان بووە

مستەفا هیجری لە پارلمانی ئوورووپا باسی لەوە کرد کە؛ دەستپێکردنەوەی خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات لەسەر لێکدانەوەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و ویستی خەڵکی کوردستان بووە.ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مستەفا هیجری لە کۆنفرانسی فراکسیۆنی سوسیالیست دێموکراتەکانی پارڵمانی ئوورووپا و "پرۆگرێسیڤ ئالیانس" بەشداریی کرد.

لەو سەردانەی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پارڵمانی ئوورووپا مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتارێکی گرینگی بە زمانی ئینگلیزی لە سەر بارودۆخی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێشکەش کرد.

سەرەتا کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفرانس بەڕێوە چوو.

پانێلی یەکەمی کۆنفرانس لە سەر بارودۆخی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڕێوە چوو کە تێدا ئەم بەرپرسە سیاسییانە وتاریان پێشکەش کرد:

- مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- مستەفا بەرغۆتی، سکرتێری گشتیی ئینسیاتیڤی نەتەوەیی فەلەستین
- سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
- دوکتوور نەبیل شەتاح، نوێنەری حکوومەتی فەلەستین و حیزبی فەتح
- مستەفا بن جەعفەر، سکرتێری گشتیی حیزبی "ئێتا کاتۆل"ی توونس
- حوشێر ئوزوی، جێگری هاوسەرۆکی پارتی دێموکراتیکی گەلان –HDP و ئەندامی پارڵمانی تورکیە
- خاتوو کەتی پیری Kati Piri، ئەندامی پارڵمانی یەکیەتیی ئوورووپا
- جیاکۆمو فیلی بێک Giacomo Filibeck، جێگری سکرتێری گرووپی حیزبە سیاسییەکانی ئوورووپا

لەم پانێلەدا هەلومەرجی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ڕوانگەی وتاربێژانی پانێلەکەوە خرایە بەرباس.

مستەفا هیجری، پەیامێکی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد و لە سەرەتای باسەکەیدا تیشکی خستە سەر بنەما فکری و ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٣٧ ساڵ دەسەڵاتدارییەتیان بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕشە ئیسلامیەکەیان بۆ وڵاتانی ناوچە و جیهان کە ئەمە بنەمایەکی سەرەکیی سیاسەتی ڕێژیمە.

هاوکات باسی ڕۆڵی نەرێنی و ئاژاوەگێرانەی ڕێژیمی کرد بۆ تێکدانی سەقامگیریی ناوچە. لە لایەکی دیکەوە ڕێژیم هەموو ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێرانی زەوت کردووە و بە شێوەیەکی سیستماتیک لە هەموو بوارەکاندا زوڵمێکی دیکتاتۆرانەی بە سەر هەموو وڵاتدا سەپاندووە.سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها باسی لەوە کرد: "بە تێڕوانینی ئێمە و ئەزموونی ٣٧ ساڵ خەباتمان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، بە دەستهێنانی ماف و داخوازییەکان لە دوو ڕێگاوە وەدی دێ:

**یەکەم:** ڕووخان و نەمانی ئەو ڕێژیمە و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک بە بەشداریی هەموو نەتەوەکانی ئێران.

**دووهەم:** هەموو ئازادیخوازانی ئێران بە تایبەت نەتەوە ماف پێشێلکراوەکان لە بەرهەڵستکارییەکی بەرفراواندا هێز و توانای خۆیان بخەنە سەریەک و دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بەرەوڕووی مەترسییەکی جیددی بکەنەوە.

سکرتێری گشتیی حیزب لە درێژەی وتارەکەیدا، بە وردی تیشکی خستە سەر بارودۆخی گشتیی کورد لە ئێران و لێکدانەوەی حیزبی دێموکرات بۆ پرسەکانی ناوچە و نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە حیزبی گەیاندە ئەو باوەڕە کە بە هاندان و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، قۆناغێکی نوێی خەبات دەستپێبکات و هێزی پێشمەرگەی حیزب بە شێوەیەکی بەربڵاو بۆ پەیوەندییە سیاسی و ڕێکخستنەکان لەگەڵ خەڵک و لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیم بچێتە نێوخۆی کوردستان. مستەفا هیجری، هەر لە سەر ئەم تەوەرە هەموو ئامانجەکانی ڕاسانی دێموکراتی بۆ بەشدارانی کۆنفرانس شی کردەوە.

پانێلی دووهەم، لە سەر هاوکاریی پارڵمانتارانی حیزبە سیاسییەکان بەڕێوە چوو و چەندین پارڵمانتاری حیزبە سیاسییەکانی ئوورووپا لەم بوارەدا تاوتوێی چۆنیەتی هاوکاری و هاوئاهەنگیی زیاتری ئەندام پارڵمانەکانی حیزبە سیاسییەکانیان کرد.پانێلی سێیەم لە سەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کەمپەینی تەبلیغاتی و هەڵبژاردن بەڕێوە چوو و چەند پسپۆڕ و بەرپرسی حیزبەکان قسەیان تێدا کرد.

پانێلی چوارەمیش لە سەر ئابووریی و چۆنیەتیی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ جیهانێکی سالم و عادڵانەتر تەرخان کرابوو. لەم پانێلەدا چەندین بەرپرسی سیاسیی حیزبە سیاسییەکانی هیند، گینە، ئێکوادۆر، سوئێد و ئاڵمان قسەیان کرد.هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە نێوئاخنی کارەکانی کۆنفرانسدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرس و شاندی حیزبە بەشدارەکانی کۆنفرانس کرد و بارودۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان بۆ شاندەکان شی کردەوە.

# کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات پشتیوانی لە خەباتی جەماوەریی شارەکانی کوردستانی ئێران دەکات

کۆمەڵانی خۆڕاگری کوردستانی ئێران!

ئازادیخوازانی ئێران!

سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک نەریتێکی هەمیشەیی ئەم ڕێژیمە، لە ڕۆژی هاتنەسەرکارییەوە تاوەکوو ئێستا بەردەوام بووە. هەموو ڕۆژ و هەموو کاتێک بە بیانووی جۆراوجۆر خەڵکی ئازادیخواز و بێبەش لە هەموو مافەکانی ژیان، دەکەونە بەر ڕق و تووڕەیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، دەخرێنە زیندانەکانەوە، بە دەسڕێژی گوللە شەهید دەکرێن، لەسێدارە دەدرێن و بە مانا گشتییەکەی سووکایەتی و بێڕێزییان پێ دەکرێت.

بێکاری، هەژاری و بێدەرەتانی، گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان، کاولکاری، سووتاندنی دارستان و تێکدانی ژینگە و کۆمەڵێک کێشە و ئاریشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و...هتد، ئەنجامی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە بووە لە کوردستان، ئامانجی سەرەکیی ڕێژیمیش بەچۆکدا هێنانی نەتەوەی زوڵم لێکراوی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەدا، ڕۆحی بەرگری و بەرخۆدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەک رووی لە کەمی نەداوە، بەڵکوو ڕۆڵەکانی ئەم گەلە نەترسانە و بوێرانە بەرنگاری سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی ئەم ڕێژیمە بوونەتەوە.

لە درێژەی ڕەوتی بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شاری مەریوانی دوانزە سوارە، لاوانی بەهەست و جەماوەری ئازا و چاونەترسی شارەکە، بە نیشانەی ئێعتراز بە خراپ بوون و تێکدانی ڕێگاوبان و ژینگە و بوونە قوربانیی ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچەکە کە بوون بەژێر تانکرە نەوت کێشەکانەوە، ڕژانە سەرشەقام و بێزاری و دەنگی نارەزایەتیی خۆیان بە نیسبەت ئەم دۆخەوە هەڵبڕی، بەڵام بەرپرسانی پێوەندیداری کۆماری ئیسلامی بێ ئەوەی کە بەرانبەر بە ئێعترازی مەدەنی و هێمنانەی خەڵکی مەریوان وەڵامدەر بن، ژمارەیەک لە لاوانی شارەکەیان دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کرد، کە تا ئێستا هیچ هەواڵ و زانیارییەک لە چارەنووسیان لە بەردەستدا نییە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ کوژرانی کاسبکاران و کۆڵبەران لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنیی شاری بانە لە هەڵوێستێکدا داوایان لە خەڵک و جەماوەری شارەکە کردووە کە بەرانبەر بە کوژرانی کۆڵبەران و نارەزایەتی دەربڕین لەم بارەوە ڕۆژی شەممە، ١٧ی ڕەزبەر، مانگرتنێکی گشتیی و هێمنانە بەڕێوە ببەن. لە بەشێک لە ڕاگەیەندراوەکەی چالاکانی مەدەنیدا هاتووە؛ "ئێمە کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنی شاری بانە بە دروستکردنی کەمپەینی"هەموومان دەنگی کۆڵبەرانی سەر سنوورین"، ڕۆژی شەممە وەک مانگرتنی گشتی ڕادەگەیەنین و داوا لە ئێوە خەڵکی تێکۆشەری شاری بانە دەکەین بۆ ئەوەی چیتر ڕۆڵەکانی شارەکەمان نەبنە قوربانی، با ڕۆژی شەممە ئیرادەی خەباتکارانەمان نیشان بدەین و دەنگی کپ کراوی کۆڵبەرانی سەر سنوور بگەیەنینە گوێی هەموو بەرپرسان و دەسەڵاتداران و نا بڵێین بە کوژران و بریندار کردنی کۆڵبەرانی سەر سنوور".

ئەزموون دەری خستووە کە بێدەنگی لە بەرانبەر ئەم سیاسەتە دژی گەلیانەی ڕێژیم، سەرکوت و زەبروزەنگی زیاتری بەدواوە بووە، هەر بۆیە بە ئەرکی سەرجەم چین و توێژەکانی دەزانین کە دەنگی مافخوازانەی خۆیان هەڵبڕن و لە پێناو وەدی هاتنی مافەکانیان و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم، بەشداریی چالاکانە لە خەباتی جەماوەریی لەم چەشنە بکەن.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتگیریی خۆی بۆ ئەم شێوازە لە خەبات و نارەزایەتیانە و هەروەها هەڵوێستی بوێرانەی چالاکانی مەدەنی و جەماوەری شارەکان دەردەبڕێ و داواکارە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبن، و پشتیوانیی خۆیان بۆ خەباتی مەدەنی و هەڵوێستی ئازایانەی ڕۆڵەکانیان بخەنە ڕوو. لە هەمانکاتدا داوا لە خەڵکی ئازادیخواز و چاونەترسی مەریوان دەکەین کە شێلگیرانە هەوڵی ئازادکردنی گیراوەکانی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو بدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیسیۆنی تەشکیلات

١٧ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نامەیەکی بۆ ئەحمەد شەهید بەڕێ کرد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نامەیەکی ئاراستەی ئەحمەد شەهید، نوێنەری تایبەتی کۆمیسیونی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران کرد.

دەقی نامەکە:

بەڕێز جەنابی ئەحمەد شەهید، نوێنەری تایبەتی کۆمیسیونی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاوەدێری بە سەر مافی مرۆڤ لە ئێراندا

لەگەڵ سڵاو !

لە ڕاپۆرتی ئەم دواییانەی بەڕێزتاندا بەرچاوتر لە پێشوو سەرنج دراوەتە کوردستانی ڕۆژهەڵات و پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆیە لەو پێوەندییەدا بە پێویستمان زانی سپاسی کار و تێکۆشانی بەڕێزتان بکەین و سەرکەوتن لە کار و ئەرکە پێئەسپێردراوەکانتدا بە ئاوات بخوازین.

لە ڕاپۆرتەکەدا داوا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا بوو کە خۆ لە کوشتنی خەڵکی سڤیل و تۆپ و خۆمپارەبارانی ناوچەکانی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان ببوێرێ، کە جێگای خۆشحاڵییە.

لەو بارەوە پێویستە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێزتان و هەموو لایەک ئاگادار بکەینەوە کە پێشمەرگەکانی حیزبی ئێمە دەستپێشخەری هیچ ئاڵۆزییەک نەبوون، بەڵکوو ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە خەڵکی سڤیلی ناوچەکان و ئازادیخوازانی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بە تاوانی حزوور لە نێو خەڵکی خۆیدا دەکاتە ئامانج، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەرەتانی هیچ جۆرە تێکۆشانێک لە هیچ جۆرە لە شێوەکانیدا نییە. نەک ئەوە، بەڵکوو ڕێگا بە هیچ ڕەخنەگر و مافخواز و ئازادیخوازێک نادرێ تاکوو ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕن و کەمترین ڕەخنە و داخوازی ڕەوا، لەگەڵ توندترین سزا بەرەوڕوو دەبێتەوە و کەش و هەوایەکی بە تەواوی ئەمنیی و پۆلیسی بەسەر ژیانی خەڵکدا زاڵ کردووە و دەست لە ئێعدامی بێ‌محاکمەی ئازادیخوازان و کوشتنی کاسبکاران و کۆڵبەران ناپارێزێ.

لە وەزعێکی وەهادا خەڵکی ئێران بەگشتی و ڕۆڵەکانی کورد بە تایبەتی کە زۆرترین مافیان پێشێل دەکرێ و سەرکوتی چەند قاتیان بەرکەوتووە، چاوەڕوانن کە کۆمیسیونی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و خودی ئەم ڕێکخراوە جیهانیە زیاتر لە پێشوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی لە کوشتاری خەڵک و وێرانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان بپرینگێتەوە و دەرەتانی تێکۆشانی ئازاد بۆ حیزب و لایەنە سیاسی و NGO کان دەستەبەر بکا.هەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگا بە بەڕێزتان و بە کەسایەتییەکانی وەک بەڕێزتان نادا تا لە نزیکەوە بینەری ماف پێشێلکارییەکانی ئەو ڕێژیمە بن و زیاتر لە چوونە سەری ڕێژەی ئێعدامەکان و دەستبەسەرکراوەکان ئاگادار بن، خۆی بەڵگەیەکە بۆ ڕاستیی ئەم مەسەلانەی بە کورتی ئاماژەی پێ کرا.

لە کۆتاییدا ڕادەگەیەنین؛ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەباتێکی ڕەوایە بۆ لەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ، دابین بوونی دێموکراسی لە ئێران و مافی نەتەوایەتی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵ و خێزاندا، و بۆ عەداڵەت و یەکسانی، لە ڕەوتی ئەو خەباتەشدا هەمیشە پرەنسیپە پەسندکراوەکانی مافی مرۆڤی لەبەرچاو بووە و لەبەرچاو دەگرێ.

لەگەڵ داوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ بەڕێزتان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٢٠ی ئۆکتوبری ٢٠١٦ی زایین

٢٩ ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی

# پرسەنامەی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کۆچی دوایی شێخ سەید تەها کەماڵیزادە حوسێنی نەقشبەندی

بەپێی هەواڵی گەیشتوو، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٣٩٥/٧/١٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٦/١٠/٩ی زایینی کەسایەتی ناسراوی کورد و یەکێک لە سیما ناسراوەکانی تەریقەتی نەقشبەندی جەنابی شێخ سەید تەها کەماڵیزادە حوسەینی نەقشبەندی لە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.بەو بۆنەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بنەماڵەی ئایینی و نیشتمانپەروەری خوالێخۆشبوو شێخ سەید تەها کەماڵیزادە حوسێنی و دۆستان و پێڕەوانی نەقشبەندی سەرەخۆشی دەکا و هاودەردی و هاوخەمیی خۆی لەگەڵیان دەردەبڕێ.

هیواداریـن پەروەردەگاری مەزن ڕۆحی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتاریا

١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی

١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦ی زایینی

# پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پاڵپشتی لە داخوازییەکانی خەڵکی ڕاپەڕیوی مەریوان

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

چین و توێژە مافخوازەکان!

مێژووی قوربانیدانی نەتەوەی کورد لە پێناوی سەرەتاییترین مافەکانیدا پێمان دەڵێ دڕندەیی دەسەڵاتە ستەمکارەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا هەرگیز نەیتوانیوە ئیرادەی لەبڕاننەهاتوومان بۆ گەیشتن بەو مافانە کز بکاتەوە و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە سەرەڕای سەرکوت و دۆخی سەپێنراوی ناهەموار بە سەریاندا، بەردەوام لە گەشە و پەرەپێدانی مێتۆدەکانی خەبات و داهێنان و نوێگەری لە هەڵسوکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێشڕەوبوونی خۆیان سەلماندووە.

ماف و داخوازییە دێموکراتیکەکانی ئێوە لە کوردستانی داگیرکراوی خۆرهەڵاتدا، دەیان ساڵە بە هۆی دەسەڵاتی داگیرکارانە و فاشیستیی ویلایەتی فەقیە بە زەبروزەنگ و ئاگر و ئاسن وەڵام دەدرێتەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سەرەڕای نوێگەری و هێنانە ئارای بەردەوامی چەمك و وتەزا زانستی و مرۆییە مۆدێرنەکان لە فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا بۆ بەرۆژکردنی مێتۆدەکانی داواکردنی ماف، لایەنی بەرامبەر هەرگیز ئامادە نەبووە بچووکترین گۆڕانکاری بە سەر عەقڵیەتی دۆڕاو و دواکەوتنخوازانەی خۆیدا بهێنێ و ئێستاش مەسەلەی داواکردنی ماف، لە کۆماری ئیسلامیدا وەکوو هەڕەشەیەکی ئەمنیەتی سەیر دەکرێت و هەر هەوڵێك بۆ وەڵامدانەوەی، بە لادان لە بنەماکانی ڕێژیم دادەنرێت. هۆکاری ئەوەش ئەو ڕاستییەیە کە بناغەی ئەو ڕێژیمە لە سەر بنەمای ئەرکی ئایینی و ئیدئۆلۆژیك دامەزراوە، نەك دابینکردنی ماف و داخوازیی خەڵك.لە ڕۆژانی ڕابردوودا خەڵکی مافخوازی مەریوان لە هەڵوێستێکی ئازایانەدا بەرانبەر بە مەترسییەکانی خراپیی ڕێگاوبان و هاتوچۆی پڕ لە مەترسیی تانکەرەکانی سووتەمەنی کە هەر لەم ڕۆژانەشدا بوو بە هۆی گیان لەدەستدانی چەند هاوڵاتیی کورد، ڕژانە سەر شەقامەکان و بە شێوەیەکی دوور لە توندوتیژی، داخوازییەکانی خۆیان لەو پێوەندییەدا ئاراستەی بەرپرسانی پێوەندیدار کرد. بەڵام بە داخەوە ڕێژیم هەر وەك چاوەڕوان دەکرا لە بەرانبەر ئەو داخوازییە سەرەتاییەدا، نەریتی هەمیشەیی خۆی واتە سەرکوتی خەڵك و دەستبەسەرکردنی نارازییانی گرتەبەر و چەند کەس لە لاوانی ئەو شارە کە لەو پێوەندییەدا دەستبەسەر کرابوون، تەنیا پاش دانانی بارمتەیەکی قورس ئازاد کران. ئێمە لە یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وێڕای دەربڕینی پاڵشتیی خۆمان لە داواکارییە ڕەواکانی خەڵکی مەریوان، سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیم بە هەموو شێوەیەك مەحکووم دەکەین و پێمان وایە داخوازیی دابینکردنی ئەمنیەتی ڕێگاوبان، داخوازییەکی زۆر لەوە کەمترە کە حکوومەتێکی ئەم سەردەمە بیهەوێ بەو هۆیەوە خەڵك ڕاپێچی زیندان بکات و ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی ڕێژیم، دروستیی ئەو بۆچوونەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەسەلمێنێت کە کۆماری ئیسلامی لە جەوهەری خۆیدا هەڵگری هیچ پۆتانسیلێك بۆ ئاڵوگۆڕی مەدەنیانە و دێموکراتیك نیە و تەنیا بە نەمانی ئەو سیستمە داخراوە کاولکەرەیە کە ڕێگا بۆ دابینبوونی داخوازی و مافەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا دەکرێتەوە.

سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان

سڵاو بۆ خەڵکی چاوکراوەی مەریوان و هەموو ناوچەکانی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٨ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی

درێژەی هەواڵەکان لە لاپەڕەی ٤

## مستەفا هیجری:

# هەموومان بە خەباتی یەکگرتوو حکوومەتێکی دێموکرات کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵک بکات پێکبێنین

### دەقی وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەسەر بارودۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە پاڕلمانی ئورووپا



ئیدئۆلۆژی و تێڕوانینەکانی بۆ جیهان، هەڵسوکەوتی لەگەڵ گەلانی نێوخۆی وڵات و لەگەڵ تاکی جیابیر، هێژموونیخوازی لە دەرەوەی وڵات لە چوارچێوەی هەناردەکردنی شۆڕش و لەو ڕاستایەدا هەوڵدانی چەندین ساڵەی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، و زۆر بەرنامەی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریدا، سەلماندوویەتی ئەوان وا بیر دەکەنەوە کە هەموو مافەکان لە لای ئەوانن، چوونکە ئەوان نوێنەری حکوومەتی خودان لەسەر زەوی و باقی خەڵک ئەرکی سەرشانیانە گوێڕایەڵی ئەوان بن و بەپێی ڕێنوێنی و دەستووراتی ئەوان هەڵسووکەوت بکەن.

بەرهەمی ئەو شێوە دەسەڵاتدارییە هەژاری، بێ‌مافی، نەبوونی ئازادی، پەرەگرتنی ڕۆژبەرۆژی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خەڵک و، گەندەڵیی بێسنوور و شەڕی دەسەڵات بە مەبەستی تاڵان کردنی زیاتری داهاتی وڵات لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵات لە نێوخۆی وڵات و، پەرەگرتنی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری شەڕی فیرقەیی، تیرۆر، برسیەتی، وێرانی و نفووزی ڕێژیم بە تایبەت لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدایە. بۆیە دەڵێین بە بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی ئاشتی و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێ.

دابینبوونی ماف بۆ خەڵکی ئێران لە لایەن ڕێژیمێک بەو تایبەتمەندییانەی کە باسمان لێوە کرد چاوەڕوانییەکی نەگونجاوە، بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد کە لە سەرەتاوە کۆماری ئیسلامی، وەک نەیار، دژی شۆڕش، بەکرێگیراوی دوژمنانی ئێران و تەنانەت وەکوو کافر سەیری کردووین و حوکمی جیهادی بەسەردا سەپاندووین.

بۆیە بە تێڕوانینی ئێمە و ئەزموونی ٣٧ ساڵ خەباتمان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، بە دەستهێنانی ماف و داخوازییەکان لە دوو ڕێگاوە وەدی دێ:

**یەکەم**: ڕووخان و نەمانی ئەو ڕێژیمە و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک بە بەشداریی هەموو نەتەوەکانی ئێران.

**دووهەم**: هەموو ئازادیخوازانی ئێران بە تایبەت نەتەوە ماف پێشێلکراوەکان لە بەرهەڵستکارییەکی بەرفراواندا هێز و توانای خۆیان بخەنە سەریەک و دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە لە مەترسییەکی جیددی بخەن، ئێمە دوو ئەزموونمان لە داماوی و بە چۆکداهاتنی ڕێژیم هەیە کاتێک بەرەوڕووی مەترسیی ڕووخانی حکوومەتەکەی دەبێتەوە، ئەو دوو ئەزموونەش بریتین لە:

**١. شەڕی ئێران وعێراق**

دوای هەشت ساڵ شەڕی ئێران و عێراق بە دوای خەسارێکی گیانی و ماڵیی زۆر، کاتێک مەترسیی ڕووخانی ڕێژیمەکەی هاتە ئاراوە، خومەینی بڕیارنامەی٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی پەسند کرد و بە وتەی خۆی پیاڵەی ژەهری خواردەوە.

**٢. لە پێوەندی لەگەڵ پیتاندنی یورانیوم (بە مەبەستی دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی)**

کاتێک گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دنیا تا ئەو ئاستە کاریگەری خۆیان لەسەر ئێران نیشاندا کە وەلی فەقیە مەترسیی ڕووخانی ڕێژیمی لێ نیشت، ئامادە بوو مل بۆ مەرجەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕابکێشێ و ڕێکەوتننامەی ناسراو بە "برجام" ئیمزا بکا.

بێجگە لەو دوو ڕێگایە ڕێگای سێهەمێک بۆ گەیشتن بە مافەکان نییە، ئەوانەش کە دڵیان بەوە خۆشە کە لەڕێگای خەباتی مەدەنی و شکایەت بردن بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان سەبارەت بە ژێر پێ خستنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمەوە، کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتەکانی خۆی پاشەکشە دەکا، چاوەڕوانییەکی بێ‌ئاکام و بێ‌جێیە، بێ‌ئاکامە چوونکە ڕێژیم هیچ مەودایەکی بۆ ئەو شێوە خەباتە نەهێشتووەتەوە، بۆیە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ئاستی ئەو پێشێلکارییانە بەرزتر دەبێتەوە و فەزای ئەمنییەتی توند و تیژتر دەبێ، بێ‌جێیە لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ڕێژیم باوەڕی بە مافی مرۆڤ بەو پێناسەی لە دنیای پێشکەتوودا ناسراوە و ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێدا ناوە، نییە، تا تۆ داوای جێبەجێ کردنی لێ بکەی.ئەو لێکدانەوەیە و داخوازی خەڵکی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات لە حیزبی دێموکرات بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتێکی جیددیتر، ڕێبەرایەتی حیزبی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە پێویستە حزووری پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا پڕڕەنگتربێ، بۆ ئەوەی ئەوان لە دەربڕینی ناڕەزایەتییان دژی ڕێژیم و بەشدارییان لە خەبات شان بە شانی پێشمەرگە ئامادە بن و، لەو ڕاستایەدا پێشمەرگە ورەبەخشی خەباتی شار بێ، بەم شێوەیە هەنگاو بە هەنگاو شار جڵەوی خەبات بە دەستەوە بگرێ و پێشمەرگە و حیزب وەک ڕێکخەر و پشتیوانی خەباتی شار دەور بگێڕن، و بەم شێوەیە خەباتی شاخ(پێشمەرگە) و شار لێک گرێ بدرێن.

لەلایەکی دیکەوە ئەو پەیامە بە دنیا بگەیەنین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو دوورگەی ئەمنە نییە کە بۆخۆی بانگەشەی بۆ دەکا بۆ ئەوەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دنیا بێن لەوێدا سەرمایەکانی خۆیان بخەنە گەڕ، هەروەها ئەو بانگەشەیەی ڕێژیم پووچەڵ بکەینەوە کە ساڵانێکی زۆرە ڕادەگەیەنن کە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردی ئێران نەماون و خەڵک هیچ ڕێگایەکی نییە بێجگە لەوەی مل بۆ زەبروزەنگی ڕێژیم ڕابکێشێ و پەیڕەوی لە یاسا دواکەوتووانە و دژی گەلییەکانی بکا و، بەم شێوە تۆوی بێ‌هیوایی لە دڵی خەڵکدا بچێنێ.

درێژەی ئەم پرۆسەیە هێز و هیوایەکی نوێ بە ئازادیخوازان و چالاکانی سیاسی، بە تایبەت چالاکانی بواری مافی نەتەوەکان دەبەخشێ و هانیاندەدا بۆ بەشداری ڕاستەوخۆتر لە خەبات، و بەم چەشنە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەی خەباتی دژی ڕێژیم بەهێزتر دەبێ.خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات بەم مەبەستە دەستی پێکردووەتەوە و لەگەڵ پشتیوانیی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەتایبەت لاوەکان بەرەوڕوو بووەتەوە و، نیگەرانی و ترسی زۆری بۆ ڕێژیم پێکهێناوە، بۆیە کاربەدەستانی ڕێژیم لە سپای پاسداران و سیاسییەکانیان لەسەر ئەو مەسەلەیە لێدوانیان داوە و لە پارلمان، لە نوێژی هەینی باسیان لەسەر کردووە و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی دیکەیان بە بەربڵاوی لێکدانەوەیان بۆ کردووە و لە سەرجەمی ئەو دژکردنەوەیاندا (وەک چاوەڕوان دەکرا)، دەست پێکردنەوەی ئەو خەباتەیان بەستراوە بە ئەمریکا، ئیسرائیل، عەرەبستانی سعوودی و... لە قەڵەم داوە. هەرچەند بێ بنەما بوونی ئەو ئیتیهامانە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بۆ زۆربەی خەڵک سەلمێنراوە، بەو حاڵەش هێندێک لە هاونیشتمانانی ئێرانی لە ژێر شوێندانەریی ڕاگەیەنە گشتییەکانی ڕێژیم نیگەرانن لە ئاکامی ئەم خەباتە، بۆیە ئێمە لێرەدا بۆ جارێکی دیکە ڕایدەگەیەنین کە دەست پێ کردنەوەی ئەم خەباتە تەنیا لەسەر لێکدانەوەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و ویستی خەڵکی کوردستان ڕوویداوە و دەتوانێ پشتیوانێک بێ بۆ خەباتی هەموو ئازادیخوازانی ئێران دژی دیکتاتۆری، بۆیە چاوەڕوانیمان ئەوەیە لە ڕەوتی بەربەرەکانێی هێزی دێموکراسی و ئازادیخوازی دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بەتەنیامان نەهێڵنەوە و یارمەتیدەرمان بن، تا هەموومان بە خەباتی یەکگرتوو بتوانین مافە پێشێلکراوەکانمان بەدەست بێنینەوە، یان شوورەیی ئەو ڕێژیمە لەسەر خەڵکی ئێران لابەرین و حکوومەتێکی دێموکرات کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵک بکات پێکبێنین.

---

## درێژەی هەواڵەکانی لاپەڕەی ٣

### ڕێوڕەسمی کۆتایی سەرکەوتوانەی دەورەی سەرەتایی ٢٢١ی پێشمەرگە لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو

پۆلێکی دیکە لە لاوانی بەهەست و نیشتمانپەروەری کوردستان، بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پەیوەست بوون.

ڕۆژی هەینی ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی کۆتایی سەرکەوتوانەی دەورەی ٢٢١ی سەرەتایی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا ئومید مەندوومی، جێگری بەرپرسی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکرات وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبوان و پیرۆزبایی لە بەشداربووانی دەورەکە، باسێکی لەسەر قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات و ئەرکەکانی پێشمەرگە لەو قۆناغەدا پێشکەش کرد.

پاشان تاهیر مەحموودی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا شۆڕش ئەڵڵاوەیسی، یەکێک لە مامۆستایانی فێرگەی سەرەتایی کۆمیسیۆنی پەروەردە، ڕاپۆرتێکی لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی دەورە پێشکەش کرد.

پاشان سەید خالید ئەحمەدی، بە نوێنەرایەتیی بەشداربوانی دەورەکە پەیامێکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا بەپێی نەریتی هەمیشەیی، سێ بەشداربووی دەورەی سەرەتایی کە لە وانەکاندا زۆرترین نومرەیان بە دەست هێنابوو خەڵاتیان وەرگرت کە خەڵاتەکانیان لە لایەن دارا ناتق، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا. هەروەها سێ بەشداربووی دیکەش بە بۆنەی پاراستنی نەزم و دیسیپلین لە ماوەی بەڕێوەچوونی دەورەکەدا خەڵات کران کە خەڵاتەکانیان لە لایەن ڕەحیم ڕەشیدی، ئەندامی کومیتەی حیزب لە ئەمریکاوە پێشکەش کرا.

لە بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا بەشداربووانی دەورە بە وەرگرتنی کارتی پێناسی پێشمەرگایەتی، بە فەرمی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیوەست بوون.

### پێشوازیی خەڵک لە ڕاسان

خەڵکی شار و گوند و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەپیر ڕاسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دێن. پاش ڕاگەیاندنی دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە "ڕاسان" ناسراوە، خەڵکی شارە جیاوازەکانی کوردستان بەپیر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دێن و بەشێوەی جۆراوجۆر شادمانی خۆیان بۆ ئەو بڕیارە، و خەباتی نوێی حیزبە خۆشەویستەکەیان دەردەبڕن.هاووڵاتییەکی شاری سەقز بە داکوتانی وێنەی دوکتور سەعید و تراکتی تایبەت بە ڕاسان و ناردنی فیلمی چالاکییەکەی خۆی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حیزب، هەستی بێگەردی خۆی بۆ بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەی و ڕاسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕیوە.



### پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە سەقز هێرشی دوژمنیان تێکشکاند




پێشمەرگەکانحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی گەشتی سیاسی و تەشکیلاتیدا لە ناوچەی سەقز کەوتنە بەر هێرشی هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

شەوی هەینی ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، لە ناوچەی سەرشیوی سەقز لە شوێنێک بەناوی "کۆتەڕەش" شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە.

لە ماوەی کاتژمێرێک شەڕی بەردەوامدا ژمارەیەک لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون کە لە ژمارەی دەقیقیان هەواڵێک لە بەر دەستدا نیە.

پاش ئەو زەبرە لە دوژمن، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سلامەت و سەرکەوتوو درێژەیان بە ڕاسپاردەکانی حیزبەکەیان لە ناوچە دا.

لەو پێوەندییەدا، ڕێژیم ناوچەی سنووریی سەرشیوی سەقزی بە هێزێکی زور تەنیوە، بە جۆرێک کە تەنانەت ڕێگای هاتوچۆی گوندەکانی پچڕاندووە و سەبارەت بە هاتوچۆی خەڵکی ئەو ناوچەیە هۆشداری داوە.

بە وتەی شایەتحاڵان حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیە ترس و خۆفی خستووەتە نێو هێزەکانی ڕێژیمی ئێران.

# پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و ڕووسیە لە ڕوانگەی ڕاگەیەنە ڕۆژئاواییەکانەوە

و: لە ئینگلیزیەوە ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، یەکێك لە ڕۆژەڤە سەرەکییەکانی جێی باس و ڕوومالی ڕۆژنامە بەناوبانگە ڕۆژئاواییەکان، هەڕەشەکانی مۆسکۆ بۆ سەر ئاسایش و کاریگەریی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئامریکا بەتایبەتی بووە تا شوێنێك کە باسی ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی جیهانیی سێهەم یان ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازیی ئامریکا و ڕووسیە هاتووەتە گۆڕێ. لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان"، سێ وتارمان لە سێ ڕۆژنامەی بەناوبانگ لەو پەیوەندییەدا وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. ئەوەی لە خوارەوە دێت، هەر سێ دەقی وەرگێڕانەکانە.

## "ماستەرپلانی پووتین: سەدەیەکی ڕووسی"

**دۆگلاس شۆئێن**

The Washington Times

**١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦**

لە لیدی وتارەکەدا هاتووە: "ئەو (پووتین) بەرنامەی جێگرتنی کارتێکەریی ئامریکای بە هێزی ڕووسیە هەیە."

لە سەرەتادا هاتووە: "تەنیا لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا، ڕووسیەی بەڕێز پووتین دوو هەڕەشەی ناوکیی کردووە. هەڕەشەی تەقەکردن لە جێتە ئامریکاییەکان و جووڵاندنی کەشتیی شەڕ بەرەو مەدیتەرانە و هەروەها خستنەڕووی لیستێك داواکاریی قەبەقەبە لە بەردەم سەرۆك ئۆبامادا." نووسەر دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە پووتین لە پشت هێرش و هەکە سایبێرییەکانی ئامریکادایە. دەنووسێ: "وەڵامی بەڕێز ئۆباما و وەزیر جان کێری چیە؟ هیچ. جارێکی دیکەش، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە خۆیان لە هێرشەکانی بەڕێز پووتین دەدزنەوە. بەڵام بەڕێز پووتین هەر لە خۆڕا کار ناکات. ئەو مەستەرپلانێکی هەیە تا دیسان ڕووسیە بکاتەوە زلهێزێکی مەزن. ماستەرپلانەکەی بەڕێز پووتین، ناتۆ دەشکێنێ، لە کاریگەریی ئامریکا کەم دەکاتەوە و جێی ئامریکا بە هێزی ڕووسیە لە سەرانسەری جیهان پڕ دەکاتەوە. ماستەرپلانەکەی لە کارکردنی لەسەر سووریە تا ئۆکراین، ئێران و کوریای باکوور دەبینین، بە جۆرێك کە هێز و کارتێکەریی ئامریکا لە کاتێکدا لە کەمی دەدات کە هێزی بەڕێز پووتین ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێ."

نووسەردواتر باسی ئەوە دەکات کە ڕووسیە دەیهەوێ نەزمی هەموو جیهان تێك بدات و دەنووسێ: "کاتێك بەڕێز پووتین یەکەم جار دەستدرێژی کردە سەر ئۆکراین، تەنیا وەڵامی بەڕێز ئۆباما هۆشداری‌دان بوو بەوەی کە ئەو لە بارێکی خراپی مێژوودا هەنگاو دەنێ." دواتر باسی دەستێوەردانە بەربڵاوەکانی ڕووسیە لە کاروباری دراوسێ بچووکەکانی، پشتگیری ڕووسیە لە ڕاست و چەپی توندڕەوی وڵاتە ئورووپاییەکان و دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت یارمەتیدانی ئێران بۆ بوونی بە زلهێزێکی ناوچەیی و پاڵپشتیکردنی ڕووسیە لە کوریای باکوور دەکات.

لە کۆتاییدا وێڕای ئاماژە بەوە کە بەڕێوەبەرایەتیی هەنووکەی ئامریکا لە سیاسەتەکانی هەمبەر ڕووسیە شکستی خواردووە و ئەرکی لەپێشگرتنی سیاسەتێکی گونجاو لەو بارەوە دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتیی داهاتووی کۆشکی سپی، هاتووە: "ئامریکا ڕووبەڕووی داهاتوویەکی مەترسیدار بووەتەوە، وەك چۆن هاوپەیمانەکانیشی لە سەرانسەری جیهان ڕووبەڕووی هەمان کێشەن. بەڕێز پووتین خەریکە دەیباتەوە و ئێمەش خەریکین دەیدۆڕێنین. تەنیا باوەڕی بەهێز، بە هێزی ئامریکایە کە دەتوانێ نووسخەیەکی جیاواز بنووسێ."

## "پووتین، سووریە و بۆچی پووتین شەڕی شێتانە وەڕێ دەخات".

**جاشوا یافا**

The Newyorker

**١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦**

نووسەر لە سەرەتادا باسی پڕوپاگەندەی ئەم ڕۆژانەی تەلەفزیۆنەکانی ڕووسیە دەکات و دەڵێ لە ساڵی ٢٠١٤ی پاش دەستدرێژیی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین، هێزنواندن و هەڕەشەکانی ئەو وڵاتە زیادیان کردووە و دەنووسێ: "شەڕ لە سووریە، هاوکات وا مەزندە کرا کە چانسێك دەدا بە ڕووسیە تا وێنەی خۆی چاکتر بکاتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرلەنوێ ڕێك بخاتەوە." دواتر باسی ئەو هەوڵانەی پووتین دەکات کە ویستوویەتی لە شەڕی دژ بە داعش بۆ هاتنەوە نێو گۆڕەپانەکە کەڵك وەربگرێ و بە وردی دەچێتە سەر باسی دانیشتنەکان و ڕێککەوتنەکانی مۆسکۆ – واشینگتۆن لە دوو ساڵی ڕابردوودا.

دواتر دڵێ پووتین لیستێکی درێژی داخوازییەکانی داوەتە ئۆباما، لەوانە "کەمکردنەوەی ئامادەبوونی سەربازیی ئامریکا لە دەوڵەتەکانی ئەندامی ناتۆ، لابردنی ئەو گەمارۆیانەی لە پەیوەندی لەگەڵ ئۆکراین خراونەتە سەریان و دانی قەرەبووی لەدەستدانی داهاتەکانیان بە هۆی گەمارۆکان". دواتر باسی ئەوە دەکات ڕووسیە ئەو چەکانەی توانایی هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکییان هەیە، بەرەو مەدیتەرانە جووڵاندووە و داوای لە هەموو ڕووسەکانی سەرانسەری جیهان کردووە بە هۆی بوونی مەترسی لەسەریان، بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان.

دەنووسێ ستوونووسێکی گۆڤارێك بە ناوی "The New Times" لە مۆسکۆ پێی وتم: "ڕووسیە پێ‌دەنێتە شەڕێکی ساردەوە بەبێ هەبوونی ئەو سەرچاوانەی کە یەکیەتیی سۆڤیەت هەیبوون، بەڵام ڕووسیە چی هەیە؟ چەکی ناوکی هەیە. هەر بۆیە دەبێ بەردەوام ئامریکا و ڕۆژئاوا بە گشتی بەقەناعەت بگەیەنێت کە ئەمەیان کەمێك شێتانەیە." دەڵێ پووتین دەزانێ ئۆباما لەو قەناعەتەدایە کە لەم چەند مانگەی کۆتایی سەرکۆمارییەکەیدا، باشتر وایە خۆی لە قەرەی ڕووسیە نەدا و بۆیە "ئەوەش سێ مانگ دەداتە پووتین تا کار بۆ لیستە خوازراوە جیۆپۆلتیکییەکەی بکات، هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی چەندین کاری کراوە بدات کە زاڵبوون بەسەریاندا بۆ سەرکۆماری داهاتووی ئامریکا دژوار بێت."

دواتر دەڵێ پووتین دەزانێ پرسی سووریە دواجار بە وتوویژ چارەسەر دەبێ و باشتر وایە تا کات هەیە پێگەی بەرەی خۆیان پتەوتر بکەن. دواتر بە وردی و تێروتەسەلی دەچێتە سەر باسی دەستێوەردانەکانی ڕووسیە لە هەڵبژاردنەکانی ئامریکا بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی و سازکردنی گومان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا.

## "سیاسەتی ڕووسیەی واشینگتۆن شکستی خواردووە"

**تۆماس گراهام و ماتیۆ ڕۆژانسکی**

Foreign Policy

**١٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦**

لە سەرەتادا هاتووە: "مۆسکۆ لە کاتێکدا بە ڕوونی تووشی خەساری وەپەراوێزکەوتنی دیپلۆماتیك و ئابووری بووە کە ئاکامی ئەو گەمارۆ نێونەتەوەییانەیە کە بە ڕێبەریی ئامریکا خرایە سەری، لە پێکهێنانی چەندین ململانێی گەورە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا سەرکەوتوو بووە، بە تایبەتی لە ئۆکراین، سووریا و لە گۆڕەپانی سایبێریدا. هەر بۆیە هێنانەئارای لێڕوانینێکی نوێ لە هەمبەر ڕووسیە دەبێ ببێتە یەکێك لە پرسە سەرەکییەکانی سەرکۆماری داهاتوو لە پاش ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٧دا، جا سەرکۆمارەکە هیلاری کلینتۆن بێت یا دۆناڵد ترامپ. بەڵام هیچکامیان نەیانتوانیوە لێڕوانینێك بخەنەڕوو کە بەسەر لێڕوانینی شکستخواردووی ڕابردوودا باز بدات، بەوەی کە کلینتۆن لە سەرۆکی ڕووسیە، ولادیمیر پووتین وێنەیەکی کارتۆنیی کەسێکی زۆر خراپ دەخاتە ڕوو و ترامپیش مۆسکۆ وەکوو هاوپەیمانێك کە چاوەڕێیە، سەیر دەکات."



نووسەرانی وتارەکە دواتر **٧** خاڵ دەخەنەڕوو کە پێیان وایە سەرکۆماری داهاتووی ئەمریکا پێویستە ڕەچاویان بکات.

١) تێگەیشتن لەوەی کە ئەوەی ڕووسیە ئەمڕۆ دەیکات، ویستی تەنیا پووتین نیە، بەڵکوو گرێدراوی بەرژەوەندیی جیۆپۆلتیکی ڕووسیەیە و گەر کەسێکی دیکەش لە جێی پووتین لەسەرکار بێت، هەمان کێشە و ناکۆکییانەی ئێستا دێنە ئاراوە. دەنووسن "بۆ نموونە ئەگەر ئامریکا ناچار بێت بە هەڵبژاردن لە نێوان هاوکاریی ئەمنیەتی (لەگەڵ ڕووسیە) بۆ بەرنامەی پەرەپێنەدانی ناوکی و پشتیوانی کردن لە گۆڕانی سیاسیی مەیلەو ڕۆژئاوا لە وڵاتانی دراوسێی ڕووسیە، ئەوا ڕەنگە پاشەکشەی تاکتیکی لەوەی دووەمیان لە پێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتنی بەرین لە کۆنترۆڵی چەکوچۆڵدا پێویست بێ.

٢) "پێشگرتن بە بوونی ئۆکراین بە شەڕێکی سەهۆڵبەستوو". نووسەران پێیان وایە ئەوە هێرشی ڕووسیە بۆ ئۆکراین بووە کە پەیوەندییەکانی ئامریکا و ڕووسیەی بەم ڕۆژە گەیاندووە. پێیان وایە ئامریکا دەبێ لە پێناو لابردنی گەمارۆکانی سەر ڕووسیە هەوڵ بدات تا هانی بدەن هێز و چەکە قورسەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین بکشێنێتەوە.

٣) "وتووێژی ڕاستگۆیانە لە بارەی ئورووپا"؛ دەنووسن: "باش بێت یان خراپ، مۆسکۆ هێزی پیویستی بۆ شکڵپێدانی بیاڤی ئەمنییەتی بۆ ئورووپا هەیە." لێرەدا نووسەران پێیان وایە سەرکۆماری داهاتووی ئامریکا پێویستە بیر لە بەهێزکردنی توانایی بەرگریی ناتۆ بکاتەوە، چوونکە وڵاتە ئورووپاییەکان بە هۆی دراوسێیەتی ڕووسیەوە، بە دوای هاوپەیمانێکی ئەوپەڕقاڕڕەیی متمانەپێکراو و بەهێزی وەك ئامریکاوەن، بۆیە "ڕێبەریی ئامریکا لەم گۆڕەپانەدا چارەنووسسازە". بەڵام لەمەڕ ڕووسیە "بەهێزکردنی ئەو فۆرۆمانەی ڕووسیە و ئامریکا تێیاندا بەشدارن وەك دامەزراوەی ئاسایش و هاریکاریی ئورووپا (OSCE) و شوورای ناتۆ – ڕووسیە، جا با بۆ چارەسەریی کێشەکان و تەنانەت بەڕێوەبەریی خاڵە ناکۆکەکانیش بێ توانا بن، دیسان هەنگاوێکی پێویستە بۆ پێشگرتن لە هەڵایسانی شەڕ".

٤) "هەوڵدان لە پێناو هەرچی زیاتر کونترۆڵی چەکوچۆڵ" کە مەبەست چەکوچۆڵی کۆمەڵکوژ و بەتایبەت ناوکییە.

٥) "کارکردن لەگەڵ ڕووسیە لە ئاسیادا". دەنووسن: "پێشگرتن بە چین، ئەرکێکی نەلواوە لە جیهانی هەنووکەدا. لە جیاتی ئەوە، سەرکۆماری داهاتوو دەبێ وەدووی هاوپەیمانیی نەرمیهەڵگر لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەدا بێت بۆ کاناڵیزەکردنی وزەکانی چین بە شێوەیەك کە بەرژەوەندییە هەرە سەرەکییەکانی ئامریکا نەخاتە مەترسییەوە، یان باشتر لەوە، هاوتەریبی قازانجی ئامریکا بێت. ڕووسیە دەتوانێ یەکێك لەو هاوکارانە بێت، دیارە ئەگەر ئامریکا بتوانێ خۆی لە هاندانی ڕووسیە بۆ هەبوونی پێگەیەکی دووفاقیانەی ستراتیژیك و بازرگانی لە پەیوەندی لەگەڵ چین، لابدات." لە کۆتایی ئەم بەشەدا هاتووە: "بەفەرمی ناسینی پەرەگرتنی چین لە ناوچەکەدا، ململانێی درێژخایەنی زیاتر ڕووبەڕووی بەرژەوەندییەکانی ئامریکا دەکاتەوە تا ئەوەی ڕووسیە لە ناوچەکەدا ئامادە بێت. واشینگتۆن نابێ بە دژی کردەوەکانی ڕووسەکان لە ناوچەکە کار بکات و هانی زلهێزە ناوچەییەکانی دیکەی ئاسیای نێوەڕاست بدات."

٦) "بە فەرمی ناسینی ئەوە کە کێشەی سووریە، زیاتر لە خودی سووریەیە".

نووسەرەکان دەڵێن ئامادەبوونی ڕووسیە لە سووریە بە جۆرێك پەیوەندی بە کێشەی ئۆکراینەوە هەیە و "تەنیا بە بەڕاست زانینی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان چەندین چالێشی جۆراوجۆری ناوچەکەوە هەیە و لە لایەن ڕووسیەوە هێنراونەتە ئاراوە، سەرکۆماری داهاتووی ئامریکا دەتوانێ هاوسەنگییەکی خوازراو بۆ بەرژەوەندییەکانی ئامریکا بێنێتە کایەوە."

٧) "نیشاندانی بەڵێنی ئامریکا". دەنووسن: "بە هەڵسەنگاندنی نرخی هاوکاری و ڕکەبەرایەتی لەگەڵ ڕووسیە لەو بوارانەیدا کە زۆرترین گرینگییان بۆ ئامریکا هەیە، بەڕێوەبەرایەتیی سەرکۆماری داهاتوو باشترین چانسی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کرێملین لەبەردەستدایە."

نووسەر لە کۆتاییدا ئاماژە بە بەرنامەیەکی سەرەکیترین تەلەفزیۆنی ڕووسیە دەکات کە تێیدا وەك میوان بانگهێشت کراوە و دەیگێڕێتەوە کە؛ لە بەشێکیدا ڕوو لە میوانەکانی دیکەی بەرنامەکە پرسیویەتی: "لێڕوانینی ستراتیژیکی ڕووسیە بۆ خۆی و جیهان چیە؟"، یەکێك لە میوانەکان کە پارلەمانتاری ئەو وڵاتەیە، بە دەنگی بەرز وتوویەتی: "بۆ یۆگوسلاڤیا، بۆ لیبیا، بۆ سووریا، بۆ هەموو ئەو شتانەی ئێوە لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەنجامتان داوە." نووسەر دەڵێ قسەکەی ڕاستە و "سیاسەتی دەرەوەی پووتین بە زۆری پەیوەندی بە تۆڵەکردنەوەیە لە ئازاردانی هەڵەی ئەو وڵاتە لە دەیەکانی ڕابردوودا، سووکایەتییەك کە لەگەڵ نەوەیەك لەدایك بووە. ئەمە ڕەنگە بڕیارێك بێت بۆ ٢٠ی ژانویەی ساڵی داهاتوو (ئاماژە بە هاتنەسەر کاری سەرکۆماری تازەی ئامریکا). بەڵام پووتین هەوڵی خۆی دەدات."

# خامنەیی و سیاسەتی دووفاقی

دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی

دوای ئەو گەمارۆ ئابوورییەی بە هۆی هەڕوگیڤەکانی خامنەیی و ئەحمەدی نژادەوە کەوتە مل گەلانی ئێران و ئابووریی ئەم وڵاتەی هەتا نابووتی برد، قەیرانێکی زۆر لە ژیانی خەڵکدا سەری هەڵدا. بەرە بەرە سەرانی ئێران لە زلکاوی دەیان شەڕ و بێ پوولی ڕۆچوون. هاتنە سەر ئەو باوەڕەی، هەڕوگیڤ و چاوسوورکردنەوەکانیان هەمووی بێ‌بنەما بوون و بێ خوێندنەوەی ورد بینانە دەستیان دابووە کارێکی ئەوەندە گرینگ کە خەریك بوو سەر و ماڵیان تێدابەرێ. ئەوە بوو سەرەنجام خامنەیی هاتە سەر ئەو باوەڕەی هەڵەیەکی گەورەی کردووە و بۆ ئەو قەتارە پێشەنگییەکی باشی نەبووە و ئەوە خەریکە لە قوڕ هەڵدەچەقێ. باری شەنەکەی گۆڕی و لە هەڵبژاردنی خولی هەشتەمدا هەلێکی ڕەخساند هەتا بە هەر شێوەیەك بێ ڕۆحانی بێنێتە سەر کار و بە هۆی ئەوەوە سیاسەتەکانی نەرمتر نیشان بدا و لەگەڵ هێزە گەورەکانی جیهاندا بکەونە وتوویژ و دەست لە هەروگیڤ و خۆ ماساندن هەڵگرن و بێنە سەر میزی وتوویژ و سەر بۆ داخوازییەکانی زلهێزەکان داخەن و دەست لە سەربزێوی هەڵگرن. ئەوە بوو پاش ماراتۆنێکی زۆری وتووێژ کردن پێمل بوون و سەریان بۆ داخوازییەکانی ئەوان داخست و دەستیان لە لەچەری هەڵگرت و درگا داخراوەکانی دنیایان بە ڕوودا کرایەوە.

ئەم نزیك بوونەوەی ئێران لەگەڵ زلهێزەکان بە تایبەتی ئەمریکا، ئەو پرسیارەی لە لای گەلێك کەس دروست کردبوو کە؛ ئەدی چۆنە ئێمە خۆمان بە زلهێزێکی گەورەی دنیا دەزانین و هێزمان لە خودا و مێهدی وەردەگرت، چۆنە ئاوا بە ئاسانی دەستمان لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆمان هەڵگرت و لە ژێر گوشاری شەیتانی گەورەدا چۆکمان دادا و مل کەچ بووین؟

لێرەدابوو خامنەیی لە دوای ڕێکەوتنەکە بۆ ڕاگرتنی هەر دوولا جارێك لە ناڵ دەدا و جارێك لە بزمار دەکوتێ و سیاسەتێکی دووفاقی گرتۆتەبەر.

ڕۆژێك بە شاخ و باڵی ڕێکەوتنەکەدا هەڵدەڵێ و ڕۆژێك باسی بێ‌باوەڕیی خۆی بە ئەمریکا دەکاتە سەر دێڕی قسەکانی و هەر جارە و دەیان ڕۆژنامە بۆی لە بانگ و سەڵا دەدەن و بە قسەکانیدا هەڵدەڵێن. بە حەکیمانە و زانایانەی لە قەڵەم دەدەن، بێ ئەوەی سەرنجی دووفاقی بوونی قسەکانی بدەن. وەك دەڵێ: "ئەوان نۆکەری ئاغان نە شەلەم." بەڵام ئەوەی ڕاست بێ قسەی داڵی خامنەیی زۆر ڕوونە و ئەوەیە کە زۆر بە گەرمی لایەنگری ڕێکەوتنەکەیە و ئەوە بە باشترین هەڵبژرادە دزانێ و باش لەوە ئاگادارە ئەگەر هەروا لە سەر قسەکانی سەرەتای خۆی سوور بوایەت ئێستا دەسەڵاتەکەی داری بە سەر بەردییەوە نەمابوو.

باشترین بەڵگەش ئەوەیە خامنەیی لەم دوایانەدا، ئاوی گوێی ئەحمەدی نژادی داداوە، کە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو خۆی نەپاڵێوێ. ئەوە باش دەزانێ بە سەرکەوتنەوەی ئەحمەدی نژاد دەبێ بچێتەوە سەرخەتەکەیجارانی و، پێوانیش بەو گەزومەنە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ دەسەڵاتەکەی سەرئێشە ساز دەبێ و ئەو کارە تووشی قەیرانێکی گەورەی دەکات. هەر بۆیە بە ئەحمەدی نژادی گوتوە خۆی لەو کارە بکێشێتەوە و کێشەی بۆ نەنێتەوە. چوونکە زۆرن ئەو کەسانەی لەو ڕێکەوتنە زەرەرمەندن و دەستیان لە دەسەڵات و سامان بەر بووە و خراونەتە لاوە و بە هاتنی ئەحمەدی نژاد، ئەوانە لێی دەهاڵان و دوو بەرەکییەکە گەورە دەبووەوە. هەر بۆیە خامنەیی بە لادانی ئەحمەدی نژاد هەم ئەو لایەنە سەرکوت دەکا و هەم بە ئاواتی خۆی کە نزیك بوونەوەیە لە ئەمریکا و زلهێزەکان دەگات و قەیرانەکان لەسەر دەسەڵاتەکەی هەڵدەگرێ.

دیارە ڕۆحانی دەیان وادەی بە گەلانی ئێران داوە و هیچی نەهاتۆتەدێ. ئەوەی ئەو باسی دەکرد هەر بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بوون و هیچی دیکە. کلیلەکەی بەتەواوی ژەنگی هێنا و هێچ درگایەکی بەڕووی خەڵکدا پێ نەکرایەوە. ئەوەی دەیگوت ئێمە ئامانجمان پڕکردنی سەر سفرەی خەڵکە، هەر ئاوڕی لێ نەداوە و لەو ماوەدا کە دەوڵەتەکەی ئەو هاتۆتە سەر کار، هەر لە سفرەی خەڵکی هەڵگرتووە و لە گیرفانی دەسەڵاتی ئاخنیوە. لە بەر نەبوونی هەلی کار، بێکاری پەرەی سەندووە و تەنانەت زۆربەی بێ‌ماڵەکان بۆ کرێ‌ماڵەکانیان داماون.

ئەم کارەی خامنەیی نیشانی دەدا کە ئەو کابرایە چەند لایەنگری ئەو ڕێکەوتنەیە و، ئەوەی جار جارە دەیلێ، هەر بۆ دەمکوت کردنی پرتە و بۆڵەکانی نێوخۆیە و پێوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانەوە نیە. بە دڵنیاییەوە خامنەیی هەتا سەر ئێسك لەگەڵ ڕێکەوتنەکەیە و دەزانێ بێ ئەو ڕێکەوتنە چ سەرئێشەیەکی بۆ سازدەبوو.

# ڕانت لە ئێرانی ئیسلامیدا!

شەماڵ تەرغیبی

یەکێک لەو چەمکانەی کە لەلای ئابووریناسان بەردەوام بۆ پێناسەی دۆخی ئابووریی ئێران کەڵکی لێوەردەگیرێ بریتییە لە حکوومەتە ڕانتێرەکان (Rentier state)؛ حکوومەتی ڕانتێر چییە و چۆن شوێندانەریی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگا دادەنێت؟ چەند جۆر ڕانت بوونی هەیە و ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەدەست کام یەک لەو ڕانتانەوە دەناڵێنێ؟

**ڕانت:** ڕانت بریتییە لە داهاتێک کە بە بێ خۆماندووکردن وەدەست دێت و لە بەرانبەر چەمکگەلێکی وەک قازانج و مووچە بەکار دەبرێت، بەڵام باری نەرێنییەکەی ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت و لە زانستی ئابووریدا کەڵکی لێوەردەگیرێ کە تێکەڵ بە سیستمی سیاسی دەبێت و دەبێتە ڕانتی دەوڵەتی.

دەوڵەتی ڕانتێر: بەو دەوڵەتانە دەوترێت کە لە ڕێگەی هێزی سیاسی و سەربازییانەوە تەکووزی لەسەر ماددەیەکی خاو (بۆ وێنە نەوت) بۆ فرۆشتن دەکەن و گرینگی بە ڕەوشی ئابووریی نێوخۆیی نادەن کە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندین:

-هەر وڵاتێک کە زیاتر لە ٤٢٪ی داهاتەکەی لە ڕانتی دەرەکییەوە بێت..

- ئەم ڕانتانە لە دەرەوەی وڵاتەوە دابین دەکرێن و پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئابووریی نێوخۆیی نییە.

- لە حکومەتێکی ڕانتێردا تەنیا بەشێکی بچووک لە کۆمەڵگا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ڕانتن و لانی زۆری کۆمەڵ یان وەری دەگرن یان ڕانتەکان دابەش دەکەن.

**جۆرەکانی ڕانت:**

بەپێی زانستی ئابووری چوار جۆر ڕانت بوونیان هەیە:

-ڕانتی ئابووری:

ئەم ڕانتە بەهۆی پرسە ئابوورییەکانی وەک کۆنترۆڵی نرخەکان، شێوازی دابەش کردنی بودجە و سنووردارکردنی بازرگانییەکانەوە دێتە ئاراوە.

**-ڕانتی سیاسی:**

ئەو کاتەی کە دەوڵەت و خاوەن دەسەڵاتەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دووچاوگی ڕەچاو بکەن و سەرمایە و داهات و هێز بە نایەکسانی دابەش بکەن.

-ڕانتی کۆمەڵایەتی: خاوەندارەتی هەندێک پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کە بەپێی لێوەشاوەیی بە تاکەکان نەدرابێت بۆ وێنە دانی پیشەیەکی حکومەتی بەهۆی خزمایەتی و بێ لەبەرچاوگرتنی پێوەرەکانی وەک خوێندەواری و توانایی و... هتد.

**-ڕانتی زانیاری:**

دەستپێڕاگەیشتنی خێرای هەندێک کەس بە کۆمەڵێک زانیاری ورد و تایبەت لە ڕێگەی کەسانی دەسەڵاتدار بۆ وێنە زانیارییە ئابوورییەکانی نێو بازاڕی سەهام و سیاسەتە بازرگانییەکان کە دەبنە هۆی چێ بوونی ڕقەبەرایەتی ناتەندرووستی ئابووری.



وەک ئاماژەی بۆ کرا، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە ڕانتخۆرترین کۆمەڵگاکانی جیهانە؛ بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی نێونەتەوەیی بێ خەوشیی ئابووری (Transparency International) لە ساڵی ٢٠١٤دا، ئێران لە نێو ١٧٧ وڵاتی جیهاندا لە بواری گەندەڵیی سیاسی و ئابووری و گەیاندنی زانیاری، پلەی ١٤٤ی وەدەستهێنا کە زەقترین نموونەی ئیختلاسی ٣ هەزار میلیارد تمەنی بوو.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: بۆچی دیاردەی "ڕانت" لە ئێراندا بووەتە "پڕۆسە" و بۆچی هیچ هەوڵێک لەمەڕ بنبڕکردنی نادرێت؟ هۆکاری سەرەکیی بەردەوامیی ئەم دیاردە لە وڵاتێکی وەک ئێران کە بەردەوام بانگەشەی ئیسلامی بوونی دەکات، بۆ خودی سیاسەتدارێژانی ئابووریی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە؛ ڕانتخۆرەکان نیزیکایەتییەکی تەواویان بە لێپرسراوانی حکومەتی و سیاسەتدارێژانی دەوڵەتییەوە هەیە، بە واتایەکی دیکە هەر دوولا دەستیان لە کاسەیەکدایە و نانی لێ دەخۆن.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەم بەرپرسە حکومەتییانە بە دیتنەوە و کەڵکاژۆ وەرگرتن لە بۆشاییە یاساییەکان نیهادگەلێکی یاسایی دادەمەزرێنن تاکوو بەهۆیەوە بتوانن وێڕای هاوپیاڵەکانیان سەرقاڵی ڕانت خۆری بن. لەمبارەوە "ئیسماعیل جەلیلی" مامۆستای زانکۆ لە بواری "کارگێڕیی ستراتێژیک" کە پێشتر نوێنەری مەجلیسی ڕێژیمیش بووە، بە هەواڵدەریی "تابناک"ی گوتووە: هەموو دام و دەزگا حکومەتییەکان، بە مەجلیسیشەوە، بەشێکن لەم "گەندەڵییە سیستماتیکە" کە ئیزن دەدات هەندێک کەس لە ڕێگەی بۆشاییە یاساییەکانەوە توانایی و مافی کەسانی شیاو و لێهاتوو هەڵلووشن و خەڵکانێکی نالێهاتوو ببنە خاوەنی سامانی وڵات. هەرچەند کە حەسەن ڕۆحانی بانگەشەی ئەوە دەکات کە کۆتایی بە ڕانت خۆری دەهێنێت، بەڵام چوونکە ڕانتخۆرەکان خۆیان بەشێکن لە بەڕێوەبەرانی حکومەتی، بەکردەوە ئەم پرسە جێبەجێ نابێت.

## هەواڵی ئابووری

### نەخدینەیی ئێران بەردەوامە لە ڕێکۆردلێدان

جارێکی دیکەش ڕێژەی نەخدینەیی لە ئێران ئابووریناسانی تووشی شۆک کرد.

نوێترین ئاماری بانکی ناوەندیی حکومەتی ئیسلامیی ئێران باس لە بەرزبوونەوەی دووبارەی ڕێژەی نەخدینەیی لە مانگی گەلاوێژ بە ڕێژەی ١٠٩٩ هەزار میلیارد تمەن دەکات.

بەپێی ئەم ئامارە نوێیەی بانکی ناوەندی، نرخی نەخدینەیی لە مانگی گەلاوێژدا(١٤٧٤٩هەزار میلیارد ڕیاڵ ) بە بەراورد لەگەڵ مانگی ڕەشەممەی ساڵی ڕابردوو، ٨/١٪ بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە.

یەکێک لە بەڵێنییەکانی دەوڵەتی حەسەن ڕۆحانی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە، دابەزاندنی نرخی نەخدینەیی بووە کە بڵاوبوونەوەی ئەم ئامارە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دەوڵەتی ناوبراو نەیتوانیوە ئەم بەڵێنییەش بباتە سەر.

هەندێک لە کارناسان و ئابووریناسان پەرەسەندنی ڕۆژانەی ئەم دیاردە ئابوورییە بە "سۆنامیی دراو" وەسف دەکەن کە دەبێتە هۆی تێکچوونی یەکجارەکیی ئابووریی ئێران.

ڕێژەی نەخدینەیی لە پوشپەڕی ساڵی ٩٢دا، ٤٧٦ هەزار میلیارد تمەن بوو؛ واتە پاش ٣ ساڵ ئەم ڕێژەیە لانیکەم ٢ قات زیادی کردووە.

ماڵپەڕە فەرمییەکانی حکومەتی ئیسلامیی ئێران باس لەوە دەکەن کە؛ دەوڵەتی یازدەیەم لە تەمەنی خۆیدا لانیکەم ٣٨ هەزار میلیارد تمەن پارەی نوێی ڕژاندووەتە بازاڕ کە دەکاتە، لەساڵدا ٢١٩٠ میلیارد تمەن، و لە هەر ڕۆژێکدا ٦ میلیارد تمەن، کە ئەمە بە واتای خولقاندنی نەخدینەیی ١٥٤٧٦٠ میلیارد تمەنی لە ساڵدایە.

بڵاو بوونەوەی ئەم ئامارانە لەکاتێکدایە کە بەشێکی بەرچاو لە لێپرسراوانی حکومەتی ئامادە نین دان بە ڕاستییە ئابوورییەکانی ئێراندا بنێن و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە بڕوا بە خەڵک بهێنن دۆخی ئابووری زۆر باشە!

### برسیەتی هەڕەشەیە بۆ سەر جیهان

پرسی دابینکردنی خۆراک بۆ جیهان، جێگای نیگەرانیی کۆمەڵگای جیهانیە و هەنووکە ٨٠٠ میلیۆن کەس لە جیهاندا برسین.

بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراوەی ئاڵمانیی یارمەتی بە برسییەکانی جیهان، هەنووکە ٨٠٠ میلیۆن کەس لە جیهاندا برسین و سەرەڕای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ برسییەتی، ئەو کێشەیە بەردەوام جێگای نیگەرانی و هەڕەشەیە.

شەڕ لە وڵاتانی جیهان وەک یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی برسییەتی و بەدخۆراکی بە ئەژمار دێت کە ئێستا بەرۆکی دانیشتوانی جیهانی گرتووەتەوە.

ئەتڵەسی ساڵی ٢٠١٦ی زایینی سەبارەت بە برسییەتی لە ئاستی جیهاندا دەرخەری ئەوەیە کە شەڕی یەمەن، سوودانی باشوور و سووریە بە هۆکاری سەرەکیی بەدخۆراکی یان برسییەتی لە جیهاندا ئەژمار دەکرێت.

هەر بەپێی ئامارەکانی ئەو ڕێکخراوەیە حەشیمەتی برسی لە جیهاندا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی، نزیک بە ٢٩ لە سەد کەمی کردووە، بەڵام ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی حەشیمەتی جیهان زیادی کردووە.

هەروەها ٦٥ میلیۆن کەس لە جیهاندا ئاوارەن کە ئەوەش پەرە بەو کێشەیە دەدات.

توێژینەوەکانی دامەزراوەی مافی مرۆڤی "سیواسیتە"، دەری خستبوو کە لە ماوەی ١٠ کاتژمێر و نیودا، هاووڵاتییەکی سووری بەهۆی برسییەتی و لە ماوەی ٨ کاتژمێردا بەهۆی سەرما و سۆڵەوە گیانی لە دەست دەدات.

ڕێکخراوی (FAO) کە تایبەتە بە پرسی خۆراک لە ئاستی جیهاندا، ساڵی ڕابردوو لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە، هەنووکە ٨٨٠ میلیۆن کەس لە جیهاندا خۆراکی پێویستیان نیە و ساڵانە (٦،٢) میلیۆن منداڵی تەمەن ژێر ٥ ساڵ بەو هۆیەوە گیانیان لەدەست دەدەن.

### وەرگرتنی پارەی زۆرەملی لە قوتابییانی کوردستان درێژەی هەیە

بەرپرسانی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەشاری مەلەکشاهی سەر بە پارێزگای ئیلام، لە بەخشنامەیەکدا داوای پارەیان لە قوتابیان کردووە.

سەرەڕای داهاتی کەمی هاووڵاتیانی کورد بەتایبەت لە شارە سنوورییەکانی کوردستان، بەرپرسانی قوتابخانەکانی شاری مەلەکشاهی بە قوتابییانیان گوتووە، دەبێ هەر کامیان بڕی ١٠٠هەزار تمەن پارە بە قوتابخانە بدەن.

بەرپرسانی قوتابخانەی ناوەندیی کچانەی "نبوت" لە شاری مەلەکشاهی بە قوتابییانیان گوتووە کە؛ هەر کامیان بڕی ١٠٠ هەزار تمەن پارە بۆ قوتابخانە بێنن و لە ئەگەری نەهێنانی ئەو بڕە پارەیەدا، لە قوتابخانە دەریان دەکەن.

لەو پێوەندییەدا، لە شاری بۆکان بەرپرسانی قوتابخانەکان بۆ ناونووسیی ساڵی تازەی خوێندن، داوایان لە بنەماڵەی قوتابیان کردبوو کە دەبێ بڕی ١٠٠ هەزار تمەن پارە بە قوتابخانە بدەن.

لە بەشی "ئەلف" لە بەندی ٢ی مادەی ١٣ی جاڕنامەی جیهانیی مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و پەروەردەی بێبەرانبەردا، کە ئێران ساڵی ١٣٥٤ ناوەڕۆکی ئەو جاڕنامەیەی پەسند کردووە، هاتووە: "پەروەردە و بارهێنانی سەرەتایی دەبێ ئیجباری و بە بێبەرانبەر بێت و تێکڕای کۆمەڵگا بە ئاسانی بتوانن لێی بەهرەمەند بن."

خەمساردی و دابین نەکردنی تێچووی قوتابخانە بۆ بارهێنان و پەروەردە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بووەتە هۆی زۆر بوونی وەرگرتنی بڕی پارەی نەخت لە قوتابیان بە تایبەت لە قوتابخانەکانی کوردستان و هەروەها هاتنە خوارەوەی ئاستی حەقدەستی مامۆستایان. هەربۆیەش چیرۆکی خوێندن و قوتابی لە وڵاتی ئێراندا، بۆتە چیرۆکی ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێت: "نانی خۆم و کووزەڵەی کانی...میوانی هەی میوانی".

# ئێعدام کورتترین ڕێگای دیکتاتۆر بۆ گەیشتن بە ئامانج

چەکۆ ئەحمەدی

ی ئۆکتۆبر، ڕۆژێك بۆ خەبات دژی ئێعدام، بەڵام تەنیا لە نێو ڕۆژژمێردا ڕۆژێکی بۆ دیاری کراوە، لە وڵاتی کوردستاندا ٣٦٤ ڕۆژەکەی دیکەش کورد ئێعدام دەکرێ.

ئێعدام، قورسترین بڕیاری دادگایە بۆ سزادانی کەسێك دیاری دەکرێ. مێژووی ئێعدامی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ بۆ نزیك بە ٣٥٠٠ ساڵ لەوەپێش دەگەڕێتەوە و لەودەمەوە تا ئێستا، لە زۆربەی نزیك بە هەموو وڵاتانی جیهان بە شێوازێك بەکار براوە. هەموو جۆرە شێوازێکی ئەم قورسترین سزایە بەسەر مرۆڤەکاندا و بە دەستی مرۆڤ بەکار هێنراوە و هەنووکەش بەشێکیان پێڕەو دەکرێن. گیووتین (مل پەڕاندن بە کەرەستەی تایبەت)، لەخاچ دان، سووتاندن، زیندەبەچاڵ کردن، بەردباران، لەسێدارەدان و ئەشکەنجەدان تا کاتی مردن بەشێکن لەو جۆرە تاوانەی کە زۆرجار بە پشتیوانیی یاسای وڵاتێك ناوی بڕیاری دادگای لەسەر دادەنرێ و پێی دەڵێن حوکمی ئێعدام.

پاش تێپەڕبوونی نزیك بە ٣٥٠٠ ساڵ لە یەکەم ئێعدامەکان و گەشەکردنی زانیاری و زانستی مرۆڤەکان، هەموو پێوەرەکان باس لە بێ‌ئاکام مانەوەی سزای ئێعدام وەك ئامانجی سڕینەوەی تاوانەکان دەکەن و بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی ٢٠ و لە سەدەی ٢١دا، هەموو زانستە مرۆییەکان جێبەجێ کردنی ئێعدام وەك تاوانێکی سیستماتیك دەناسێنن و دەیسەلمێنن کە ئەم سزایە ناتوانێ کۆمەڵگایەکی بێ‌تاوان بەرهەم بێنێ.

هەنووکە ئەم سزایە لە چوار سووچی گۆی زەویدا جێبەجێ دەبێ کە دەکرێ هۆکارەکانی بە سێ بەشی سەرەکی دابەش بکرێ:

١ . تاوانی کۆمەڵایەتی و کوشتنی ئەنقەست

٢ . تاوانی سیاسی

٣ . جیاوازیی ئایدۆلۆژی و ئایین

تاوانە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا هەیە و تاوانکاری بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان. بەڵام ئەگەر تەنیا چاوێك بەسەر ئامار و ڕێژە و شوێنی تاوانەکاندا بخشێنین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕێژەی تاوانە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و تا هەر ڕادەیەك سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتێك دێموکراتیکتر بێ، ڕێژەی تاوان و ئاستی تاوانیش کەمترە و پێچەوانەکەشی هەر بە سانایی دەسەلمێ.

تاوانی سیاسی لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو بەرهەستتر و زیاتر بوو و زیاتر دەرکەوت. لە ڕاستیدا ئەگەر سیخوڕی و خەیانەت بە وڵات لە تاوانی سیاسی بەدەر بکەین، دەکرێ بگوترێ ئەم بەناو تاوانە باشترین پێناسەیە بۆ ئاستی دێموکرات یان دیکتاتۆر بوونی سیستمێکی دەسەڵاتداریی حکوومەتی لە وڵاتێکدا. بێ‌ناچێ هیچ بیرمەندێك بتوانێ سزای سێدارە بە هۆی بیری سیاسیی جیاوازەوە پێناسە بکات و تەنانەت بە شێوەی نالۆژیکیش پاساوی بۆ بێنێتەوە.

کاتێ باس لە ئایدۆلۆژیا و ئایین دەکرێ (زیاتر لە ئێستادا و بە هۆی پەرەسەندنی ڕادیکالیزمی مەزهەبی و کردەوەکانیانەوە)، وەك لە ناوەڕۆکیاندا دیارە، بە واتای ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکەیە و سەلماندنی خوودی خاوەن ئایدۆلۆژیی چەقبەستوو یان ئایینی دووگم تاك یان کۆمەڵێك. دەکرێ وەك نموونە بۆ ئایدۆلۆژیا هێما بدەینە بەشێك لە کۆمۆنیستەکان و نازییەکانی ئاڵمان و وەك ئایینیش سەردەمی دەسەڵاتداریی کلێسە وەبیر بێنینەوە و

هەنووکەی کۆمەڵێك دەسەڵاتداری ئایینی ئیسلام بە شیعە و سونییەوە لەبەرچاو بگرین کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە پێناویدا هەموو جۆرە تاوانێك بەڕێوە براوە. بەند کردن و ئەشکەنجە و ئێعدام ئاکامی دەسەڵاتداریی ئەو تاك و کۆمەڵانە بووە کە لە هەوڵی پەرەپێدانی ئایدۆلۆژیی جەقبەستوو یان ڕادیکاڵیزمی مەزهەبیدا بوون. بۆیە دیسان دەبینین سزا دانان بۆ ئەم پرسە لە سیستمە سێکۆلار و دێموکراتیکەکاندا یان نییە یان زۆر کاڵ و کرچە و بە دەگمەن بۆ ئەم دوو خاڵە کەسێك سزا دەدرێ و لە ئەگەری بوونیشیدا (کە دیسان ئێعدام نییە)، لەگەڵ تیرۆریزم گرێی خواردووە.

ئێران و ڕێژیمەکانی

چ بە شێوەی خۆسەری، بەردەوام یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی بەرەوڕووبوون لەگەڵ دانیشتوانی ئەو سنوورە جوگرافیاییە و بگرە دەرەوەی سنوورەکانیش بووە.

لانیکەم بۆ ئێمە وەك نەتەوەی کورد و لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردووماندا بە ڕوونی، ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتەدا بە هەموو

شێوازەکانی لەواو هەوڵی کوشتن و ئێعدامی کەسایەتییەکانمان دراوە و بە هەر شێوازێکیش بووبێ پلانی ئەو پیلانەیان جێبەجێ کردووە و دەکرێ بە ڕوونی بگوترێ کە نەتەوەی کورد یەکێك لە قوربانییە سەرەکییەکانی سیاسەتەکانی زۆربەی نزیك بە

لە کۆتاییەکانی سەدەی ٢٠ و لە سەدەی ٢١دا، هەموو زانستە مرۆییەکان جێبەجێ کردنی ئێعدام وەك تاوانێکی سیستماتیك دەناسێنن و دەیسەلمێنن کە ئەم سزایە ناتوانێ کۆمەڵگایەکی بێ‌تاوان بەرهەم بێنێ.

وێستگەی سەرەکی و خەڵکەکەی بەردەنگی سەرەکیی ئێمەن و دەبێ پاش ئەو سەرەتایە بپەرژینە سەر ئەوەی لە ئێراندا ڕوویداوە و ئەگەری ڕوودانەوەی لەئارادایە.

لە مێژووی دوور و نزیکی ئەو وڵاتەی ئێستا بە ناوی ئێران دەناسرێ، کوشتن و ئێعدام چ بە پشتیوانیی یاساوە و

هەموو دەسەڵاتدارانی مێژووی ئەو وڵاتەیە.

سماییل ئاغای سمکۆ، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی نموونەی بەرچاوی ئەو پیلانانەن کە ڕێژیمەکانی ئێران بەڕێوەیان بردووە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆتاییەکانی ١٩٧٩ و سەرەتای ١٩٨٠ دەسەڵاتی گرتە دەست و خۆی وەك نوێنەرێك پێناسە کرد کە دژایەتی کردنی سزایەکی قورسی لەگەڵ بوو، سزای

سێدارە، تیرۆر و ڕەشەکوژی و جیهاد.

ئەو ڕێژیمە لە هەموو پێناسەکانیدا خۆی بە نوێنەری خودا دەناساند و لە یاسای ئیسلامیشدا دژایەتی لەگەڵ خودا (نوێنەرەکەشی سەر بەو یاسایەیە)، بە واتای قبووڵی سزای سێدارەیە.

لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمەوە سڕینەوە و کوشتنی جیابیران و دژبەران دەستی پێکرد و لە کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە دەستی پێکرد و بەرە بەرە ڕووی لە ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوە تا ئەودەم هاوپەیمانی خۆیان کرد و بە چەپ و ڕاستەوە کەوتنە بەر پەلامار و یان کوژران یان ئەوەی پێی کرا خۆی دەرباز کرد و لە وڵات وەدەرکەوت.

لەو دەمەدا و لە سەرەتاکاندا بە هۆی دەسەڵاتدار بوونی هێزە کوردییەکان لە بەشی هەرەزۆری کوردستاندا، ڕێژیم توانای ئەوەی نەبوو کە کوردیش وەك خەڵکی ناوچەکانی دیکە بکاتە ئامانجی ڕقی نامرۆڤانە و پەتی سێدارە هەڵخا، بەڵام زۆری نەخایاند کە بە دەرکردنی جیهاد دژی نەتەوەی کورد، دوا ئامانجی خۆیان لەبەرانبەر کورددا پیشان دا و نەتەوەی کوردیش ئەو ڕاستییەی پێ سەلما.

لە سیستمە داخراو و دیکتاتۆرەکاندا بەدەستهێنانی ئامارێکی ورد و درووست لە هەر بابەتێك و بەتایبەت بابەتێکی هەستیاری وەك کوشتن و قەڵاچۆ و ئێعدام، گەلێك چەتوون

و ئاستەمە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە بە هەزاران ڕۆڵەی کورد چ بە شێوەی یاسایی و لە ژێر سێبەری یاسای ئیسلامیی ئەو ڕێژیمەدا و چ لەو شەڕانەدا بەسەر نەتەوەی کوردیدا زاڵ

کردووە و چ ئەو تاوانانەی کە بەرانبەر خەڵکی سڤیل بە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەوە بگرە تا خوێندکار و مامۆستا و کرێکار و کۆڵبەر و...، کردوویە، شەهید کراون و تەنیا تاوانیان کورد بوون و خەبات کردن بۆ بەدەستهێنانی سەرەتاییترین ماف بووە.

ئەگەر سەرنجی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بدرێ، دەردەکەوێ کە ئێران لانیکەم لە سێ دەیەی ڕابردوودا بەردەوام پاش وڵاتی چین زۆرترین ڕێژەی ئێعدامی هەبووە کە ئەگەر ڕێژەی دانیشتوان و ئێعدامەکان لەبەرچاو بگیرێ، ئێران نەك لە پێشەوەی وڵاتی چینە، بگرە نزیك بە ١٠ بەرانبەر ئەو وڵاتە سزای ئێعدامی تێدا بەڕێوە دەچێ. لەم ڕێژەیەش و لە بەشی سزا سیاسی و ئایینیەکاندا پشکی کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران زۆرترە و سەرەڕای ئەمەش، تەقەی ڕاستەوخۆی چەکدارانی ڕێژیم لە هاووڵاتیانی کورد و بەتایبەت کۆڵبەران و کاسبکاران، ڕێژەی کوژراوانی تاکی کوردی بە شێوەیەکی ترسناك بەرز کردووەتەوە. بەپێی ئەو ئامار و هەواڵانەی لەبەردەستدان، دەکرێ بگوترێ هەموو ڕۆژێك کەسێك یان دوو کەسی کورد دەبنە قوربانیی سیاسەتی نامرۆڤانەی ئەو ڕێژیمە و هیچ دەزگایەکی وەڵامدەر بەو تاوانانەش لەگۆڕێدا نییە.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قەیرانێکی قووڵدایە و هەموو وڵاتانی ناوچە و بگرە جیهانیش بە جۆرێك لەم شەڕ و قەیرانەدا تێوەگلاون. دێوەزمەیەك

بە ناوی داعش سەری هەڵداوە و شان لە شانی دێوەزمەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە دەدات. هەموو وڵاتانی جیهان باس لە بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە (داعش) دەستکرد و کاتییە دەکەن. گومانی تێدا نییە کە ئەمانیش وەك ئەلقاعیدە تا ئاستی نەمان لاواز دەبن، بەڵام باشتر وایە هەموو زلهێزان و سیاسییەکانی جیهان ئەم پرسیارە بورووژێنن و بیری لێ بکەنەوە کە ئاخۆ زۆرترین بەرژەوەندی لە سەرهەڵدان و بەهێزبوونی داعشدا بەنسیب کێ و کام حکوومەت بوو؟ ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوە تەنیا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە کەمترین خەساری بەرکەوتووە و زۆرترین قازانجی کردووە.

_ ئاستی دەستێوەردانی لە وڵاتانی عێراق و سووریا و یەمەن کە سێ وڵاتی ستراتیژیکن بۆ ئێران، لە خوودی حکوومەتەکانی ئەو وڵاتانە زیاترە و باشتر لەوان دەتوانێ سیاسەتەکانی بەڕێوە ببات.

_ بۆ بەهێز کردن و پۆشتە و پەرداخیی گرووپە تیرۆریستییەکانی ناوچەکە بە فەرمیی ڕەوایی لە هەموو جیهان

وەرگرتووە و هەر لە تارانەوە تا لوبنان بە ناوچەی ڕمبازێنی خۆی دەزانێ و ئەوەی پێش لە داعش دەبا بە تێچووی قورسەوە بیکردبا، ئێستا زۆر بە سانایی و بە منەتەوە و جار و بار بە یارمەتیی ئامریکا و هاوپەیمانانی دەیکات.

_ گەورەڕێی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی لە تارانەوە تا مەدیتەرانە و لوبنان و فەلەستین لە حاڵی دارشتندایە و ئەگەری سەرخستنی ئەو پرۆژە زۆرە.

بەڵام لە نێوخۆدا و بەتایبەت لە بەرانبەر کورددا کە بەردەوام بەرهەڵستی دەبێتەوە و بەتایبەتی‌تر پاش ڕاگەیاندنی خەباتی قۆناغی نوێی حیزبی دێموکرات (ڕاسان) و بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاریی دۆخی ناوچەکە و ڕۆڵی نەتەوەی کورد بەگشتی لەم گۆڕانکارییانەدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەك چۆن لە کاتە هەستیارەکاندا سەلماندوویە، دیسانیش لە ئەگەری ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و جوگرافیایی ناوچەدا سیاسەتە پڕ لە تاوانەکان و ماشینی ئێعدامی بەربڵاو و شاراوە و ڕەشەکوژی دەخاتەوە گەڕ و گومانی تێدا نییە کە بە هۆی گرێدراویی بە مان و نەمانی ئەو ڕێژیمەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە کردەوەکانی لەوەی تا ئێستا بینیومانە هۆڤانییانەتر و دڕندانەتر بێ، بۆیە باشتر وایە هەموو هێزە سیاسییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خۆیان بۆ ئەم قۆناغە سەختە تەیار بکەن و بەدەنگ هاواری ڕاسانەوە بڕۆن و ئەو پرۆسەیە بە شێوەی یەکگرتووانە سەر بخەن. بانگەوازەکەی ئەو حیزبە ببیسن و ئەوانیش وەك ئەو حیزبە ببنە بەشێك لە ڕاسانی نەتەوەیەکی بندەست و ماف پێشێلکراو.



# وتوێژی کوردستان لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری

و: سابیر فەتاحی

بزووتنەوەی ڕزگاریدەری هاوچەرخی کوردستان بە هۆی گۆڕان و ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەییەکان، هەروەها گۆڕانی کەشی سیاسی، بە ناچار لەگەڵ گۆڕانێکی بەرچاو لە تاکتیک و پێناسە کردنەوەی چەمکەکان یان بەرهەمهێنانی چەمکی نوێ بەرەوڕوو بووەتەوە و بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی لە هەمبەر سیاسەتە لەناوبەرەکانی دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستاندا، خۆی لەگەڵ دونیای سەردەم بگونجێنێت. لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا دەسەڵاتەکانی ناوەندگەرای ئێران دوای بەڕێوبردنی بەرنامە بەربڵاوەکانی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی فەرهەنگیی گەلی کورد، توانیویانە بەشێکی بەرچاو لە کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریدەری کوردستان جیا و لەگەڵ بزووتنەوەی کورد نامۆیان بکەن. ژینۆساید، ئاسمیلاسیۆنی بەربڵاو و بەردەوام و پێکهێنانی ناکۆکیی ئایینی لەم ناوچانەدا یەکێک لە پلانە سەرەکی و فاشیستییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بووە و هەیە، کە لە هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی کوردانی ئەم ناوچانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەئەژمار دێت. بەڵام بۆ هاتنە ئارای هەرجۆرە فاکتێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی جیا لە هۆکارە دەرەکییەکان، دەبێت هۆکارە نێوخۆییەکانیش سەرنجی پێ بدرێت، چوونکە بێ گومان درێژەدان، بەردەوامی و سەرکەوتنی لەڕادەبەدەری هۆکارە دەرەکییەکان، نەبوونی هۆکاری نێوخۆیی شوێندانەر و بەکەڵکە کە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکەمین حیزبی مۆدێرنی کوردی و بناغەدارێژەری کۆماری کوردستان و حیزبێک کە لە سەرەتای دامەزرانییەوە داوای مافی نەتەوەیی کوردی کردووە، و تا ئێستاش سووره لە وەدەست هێنانیان و هەروەها ڕۆڵی پێشەنگی بزاڤی ڕزگاریدەری کوردستانی لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا گێڕاوە، بەشێکی بەرچاو لە مێژووی خەباتی کوردی لەگەڵ مێژووی خۆی گرێ داوە. هەربۆیەش لە ڕاستای ڕوون بوونەوەی هۆکارەکانی نەبوونی پەرە سەندنی بەرچاوی بزووتنەوەی ڕزگاریدەری کوردستان لە بەشەکانی باشووری کورستان چەندین وتووێژمان لەگەڵ چالاکانی سیاسی و حیزبی بە ئەنجام گەیاندووە، کە لە هەر ژمارەیەکدا پێشکەشی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی دەکەین.

کاوە ئاهەنگەری چالاکی سیاسی و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاستای شرۆڤە و لێکدانەوەی دۆخ و هەڵکەوتی بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کوردستان لە ناوچەکانی باشووری زاگرۆس، میوانی ئەم ژمارەی "کوردستان" بوو. ناوبراو لە سەرەتای قسەکانیدا تیشکی خستە سەر هۆکارەکانی نزمیی ئاستی شوێندانەر بوونی بزووتنەوەی کوردستان لە پارێزگاکانی باشووری کوردستان گوتی: "کاتێک دەمانهەوێت باس لە باشووری کوردستان بکەین، دەبێ بە تایبەت مێژووی سیاسیی ئەم ناوچەیە سەرنجی پێبدرێت. لەم ڕوانگەوە شایەتی بزاڤ و چەندین کەسایەتی و ڕێبەرین کە زۆربەیان لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردستان بەگشتی یان ڕێبەری سیاسیی لەم ناوچانە بوونە. بۆ وێنە بەشداریی برایمخانی نادری لە کۆماری کوردستاندا، بزووتنەوەی قەدەمخێر، سەردار مەریەم بەختیاری و هتد... . دوای ساڵی ٥٧، و هاوکات لەگەڵ ئاشکرا بوونی چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات، ئەم ناوچەیە توانی ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاو لە بەرز کردنەوەی بزووتنەوە و بەرگری لە کیانی سیاسی-نەتەوەیی کوردەکان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بگێڕێت، بۆ وێنە هێزگەلێک وەک شاهۆ، داڵەهۆ و هەروەها بێستون سەر بەو ناوچانە بوون.بەم پێیە ئێمە دەتوانین بڵێین کە ئەم ناوچانە بەشداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بوونە، بەڵام بە بڕوای من بە لەبەرچاوگرتنی پانتایی و گرینگیی ستراتژیکی ئەم ناوچانە بۆ ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی خۆرهەڵاتی کوردستان، چەند و چوونی چالاکیی حیزبی دێموکرات لەم ناوچانە جێگای ڕەخنەیە. بۆ وێنە دەکرێ بگوترێ کە پێتەخت بوونی شارێک وەکوو مهاباد چ لە کاتی کۆماری کوردستان و چ لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا، کە ئەوکات شارێکی بچووک و لە ڕوی ئایینییەوە سوننە مەزهەب بوو، لە چۆنیەتی پەرەدان بە خەبات و تێکۆشان و ڕێبەری کردنیان لە پانتایی و لە قووڵایی ڕۆڵی هەبووە، یانێ ئەگەر لە جێگای مهاباد، شاری سنە کە لە کرماشان نزیکترە وەک ناوەندی سیاسی-ئیداری و نیزامی حیزب هەڵبژێردرابا، بێگومان ئەم هەڵبژاردە لەسەر چۆنیەتی بزووتنەوە لەگەڵ ناوچەکانی باشووری کورستان شوێندانەر دەبوو". لە درێژەی وتوێژەکەماندا باسمان لە گۆڕانکارییە بەربڵاوە ناوچەییەکان و گرینگیی و ڕۆڵی ناوچەکانی باشووری کوردستان بە سەرنجدان بەم گۆڕانکارییانە لە بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کورد کرد، کە بەڕێز ئاهەنگەری لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە: "نە تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی ناوچە لە ئێستا و داهاتووی دوور و نزیک، بەڵکوو بە بڕوای من مێژووی کرماشان و ئیلام و لوڕستان گرینگییەکی تایبەتی ستراتژیکی بۆ ناوچەکە هەبووە و هەیە، هەربۆیەشە کە لە ڕابردوودا ئەم ناوچانە سەرنجی بریتانیا و حکوومەتی ئێرانی بۆ لای خوی ڕاکێشاوە. بە بڕوای من حیزبی دێموکرات کەمتر لەو دەسەڵاتانە کە ناوم برد سەرنجی بەم ناوچانە داوە. گرینگیی ئەم ناوچەیە لە کوردستانیش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرێکی کاریگەر و حاشا هەڵنەگر لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان بە ناوی "وزە"، کە هەتا ئێستاش بە بڕوای من لە سەدەی ٢١یشدا وەکوو فاکتەری کاتالیزۆر لە پانتای سیاسەتی نێونەتەوەیدا بوونی هەیە و هەمیش لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر چاوخشاندنێکمان بە سەر خاک و حەشیمەتی ئەو ناوچانەدا کردبێت، دەبینین کە زۆرتر لە نیوەی جوغرافیا و حەشیمەتی کوردستانی لە خۆ گرتووە. لەم حاڵەتەدا ئەگەر بێتو چاو لە هەرسێک فاکتەری وزە، پانتایی جوغرافیا و حەشیمەت بکەین گرینگیی ئەم ناوچەیە بۆ چالاکانی سیاسی کورد ڕوون دەبێتەوە. هەربۆیە ئیزنتان لێ وەردەگرم لەمبارەوە چەند نموونەتان بۆ بێنمەوە، بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ناوەندی ئاماری ڕێژیم و بە بێ لەبەرچاوگرتنی کوردەکانی هەمەدان، حەشیمەتی کوردەکان لە هەردوو پارێزگای ورمێ و سنە نزیک بە ٣٠٣٣٩٣٣ کەس دەبێت –بەپێی سەرژمێریی ساڵی ٩٠ی هەتاوی- حەشیمەتی هەرسێ پارێزگای کرماشان و ئیلام و لوڕستان ٤٢٥٧٠٦٩ ڕاگەیندراوە. لە بارەی پانتاییەوە دیسان بەبێ لەبەرچاوگرتنی کوردەکانی پارێزگای هەمەدان پانتایی جوغرافیایی پارێزگای ورمێ و سنە ٤٧٨٤٢ کیلۆمتری چوارگۆشەیە و پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان ٧٣٤٣٥ کیلۆمتری چوارگۆشە ڕاگەیندراوە. لە لایەکی دیکەشەوە هەر وەک ئاماژەمان بە فاکتەری "وزە" کرد، کرماشان و ئیلام لەمبارەیەوە بە تایبەت لە نەوت و گازدا لەگەڵ دوو پارێزگای ورمێ و سنە جێی براورد نین. ئەگەر بمهەوێ کورتی بکەمەوە، پێویستە ئاماژە بە فەلسەفەی وجودیی حیزبی دێموکرات بکەم. لە ئەساسدا حیزبی دێموکرات سەرنجی بە بەڕێوبەریی نیشتمان و دەوڵەتداری داوە نەک دارشتنی ئیدئۆلۆژیکی دێموگرافیی کوردستان، کە واتە باشتر وایە ڕێبەرایەتی حیزب ئاوڕێکی تایبەتتر لە باشووری نیشتمان بداتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر کرماشان و ئیلام و لوڕستان بەپێی هۆکارگەلێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا بە شێوەیەکی پێویست سەرنجیان پێ نەدراوە، بەو مانایە نیە وەک ستراتژیکترین بەشی کوردستان چاوپۆشیان لێ بکرێت و پێویستە وەک ئەندێشە و گیانی هەموو خەباتکارێکی کورد بێت. لە لایەکی دیکەوە ئەم بەشە لە نیشتمانەکەمان دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەربەستیی نیشتماندا هەبێت و گرینگیی ئازادی و پلە و پایە و شکۆی سیاسەتی کوردستان چەند هێندە بەرز بکاتەوە".

لە بەشێکی دیکەی وتووێژەکەماندا، ڕای بەڕێز ئاهەنگەریمان لەمەڕ پەرەسەندن و بەهێز کردنی بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیک لەم بەشەی کوردستانمان وەرگرت، کە جنابیان ئەم پرسیارهیان زۆر بە گرینگ و ململانێ خولقێن زانی و ڕای وابوو کە ئەم پرسیارە زۆرترین ململانێی لێکەوتووەتەوە و گوتی: "بە بڕوای من ئەم بابەتە گرینگە ململانێ هەڵگرترین بابەتی ئێستای ئێمەیە، بەڵام بۆ ململانێ هەڵگر؟ بە بڕوای من ئەم بابەتەش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ گرینگییەکەی و لە هەمانکاتدا دەتوانێ لە ئاستی نێوخۆی حیزب و هەروەها لە ئاستی کوردستان و ئێران و تەنانەت ناوچە و جیهانیش (بە تایبەت هێزەکانی کە ئێستا لە ناوچەدان) جێگای باس و لێکدانەوە بێت، لە وەڵامەکەی پێشوومدا باسم لە گرینگیی ئەم ناوچەیە بۆ بریتانیا و حکوومەتی ناوەندیی هێنایە گۆڕێ، هەربۆیەش لەسەر ئەو باوەڕەم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناچار تووشی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە دژوارە بۆ پانتای سیاسی-ئابووریی کوردستان لە داهاتوودا دەبێت. بۆ بردنەسەری ڕێژەی سەرکەوتن پێویستە سەردانی خەڵکانی ئەم ناوچانە بکرێت، خەڵکی کرماشان، ئیلام و لوڕستان بە لایانەوە گرینگە کە بزانن سەربە کام کیانی سیاسی-شوناسین، بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم بابەتە حیزبی دێموکرات پێویستی بە پلانێکی ڕوون هەیە، ڕێگاچارەیەک کە لانیکەم دەشیا ٢٠ ساڵ لەمەوبەر ڕەچاومان کردبا و بەئەنجامman گەیاندبا، کە واتە لەبیرمان بێت پێش لە هەمووشت خێرایی لە بەئەنجام گەیاندنی ئێجگار زۆر پڕبایەخە. دەبێ زیاتر لە هەمووکات قەیرانگەلێک وەکوو بێکاری، گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، ئیدز، هەژاری، منداڵانی کار و بە دەیان کێشە و قەیرانی دیکە کە بەرۆکی خەڵکی ئەم ناوچەی کوردستانی گرتووە لەبەرچاو بگرین و خوێندنەوەمان بۆی هەبێت.

لە لایەکی دیکەشەوە لە هەمبەر ئاستی تواناکانی ئەم بەشەی کوردستان ڕوونکردنەوەی پێویست بدرێت.ناساندنی ئەو توانایانە، سروەت و سامان و ئەو مافەی کە خەڵک هەیەتی و لێیان زەوت کراوە، دەتوانێت وەک سەرچاوەی جووڵەی تاک و کۆمەڵ، لە ڕاستای ستراتژیی حیزبی دێموکرات لەم پەیوەندیەدا لە ناوچە بێت.کورد و کوردستانی بوون و مانەوەی ئەم ناوچە بۆ حیزبی دێموکرات ستراتژییە و ناکرێ پشتگوێ بخرێت، ئەگەرچی دەکرێت سەبارەت بە هێز و کارکردی حیزبی دێموکرات لە هەمبەر پلانەکانی خەبات لەم ناوچەیە ڕەخنە بگێردرێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە حیزبی دێموکرات چاوپۆشی لە گرینگیی ستراتژیکی باشووری کوردستان بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستان بکات، نەتەوەی ئێمە لە کرماشان، ئیلام و لوڕستان بە تایبەت لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە بەرانبەر سووکایەتی و بێبەشیی سیاسی، شووناسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لە لایەن دەسەڵات و ئایینی فەرمیی ئێران ئاگا بوونەتەوە، بە ڕای من تەنیا خەباتێکی مۆدێرنی شووناسخوازانە دەتوانێت گرینگیی بەرزی ئەم ناوچەیە بۆ بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کورد بگەڕێنێتەوە. خەڵکی ئەم ناوچەیە لەگەڵ ئێش و ئازاری تایبەت و شەوانەڕۆژیی قووڵ بەرەوڕوو بوونەتەوە.

دۆخی ژیانی ژنان لە ئیلام، پرۆژەی ئەنفالی سپی –گیرودە کردنی لاوانی کورد بە مادە هۆشبەرەکان- لە کرماشان، پلانەکان کەم و زۆر سەرکەوتووی جیایی خەڵکی ناوچە لە شوناسی خۆیان لە لوڕستان و کرماشان و ژمارەیەکی زۆر قەیرانی جیددی دیکە، وێنەیەکی ڕوون و تەواو لە کارەساتێک لە سەدەی ٢١ نیشانمان دەدا کە ئێمە لە نیشتمانەکاماندا دەبینین و شاهدێین. لە کۆتاییدا دەبێت بلێم کە ئەرکی سەرەکیی هەموو کوردانی نیشتماندۆستە کە ئەم بەشە لە وڵاتەکەمان بە گیان و بیر ببینن و بیپارێزن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکەمین حیزبی مۆدێرنی کوردی و بناغەدارێژەری کۆماری کوردستان و حیزبێک کە لە سەرەتای دامەزرانیەوە داوای مافی نەتەوەیی کوردی کردووە، و تا ئێستاش سوورە لە وەدەست هێنانیان و هەروەها ڕۆڵی پێشەنگی بزاڤی ڕزگاریدەری کوردستانی لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا گێڕاوە، بەشێکی بەرچاو لە مێژووی خەباتی کوردی لەگەڵ مێژووی خۆی گرێ داوە.



*ڕا و بۆچوونی ئەوکەسانەی وتوێژیان لەگەڵ دەکرێت دەرخەری سیاسەتی ڕۆژنامەی کوردستان نیە و ڕای شەخسیە.*

# ڕۆڵی ئێران له گرتن و ڕزگار نهکردنی شاری مووسڵدا

ئهلبۆرز ڕووئین تهن




مووسڵ ئهو شارهی که به درێژایی مێژوو چارهنووسی سیاسهت و هێز له ڕۆژههڵاتی نێوهڕاست دیاری دهکات. ئهو شاره که له سهدهی ڕابردوودا وهک ناوهندی ویلایهتی مووسڵ به شارێکی گرینگی ناوچه ههژمار دهکرێت ڕۆڵی سهرهکیی ههبووه له دیاری کردنی سنوور و ههروهها باڵانسی هێز له ڕۆژههڵاتی نێوهڕاست. تهنانهت بۆ وڵاته کۆڵۆنیهکانی سهردهمی دوای شهڕی یهکهمی جیهانی و دروست بوونی دهوڵهتی عێراق گرینگ و بابهتێکی ههمیشه جێگهی مشتومڕ بووه. ئهو مێژووه له سهردهمی ئێستادا به جۆرێکی دیکه بهردهوامه، چوونکه دوای زیاتر له دوو ساڵ له دهستبهسهرداگرتنی، ئازاد کردنی بۆته گرینگترین بابهتی سیاسی له نێوان وڵاتانی ناوچه و زلهێزهکانی دونیادا. بهڵام ئهوهی که گرنگیی ئهو شارهی بۆ وڵاتان و سیاسییهکان له سهردهمی ئێستادا دوو ئهوهنده کردووه، ڕۆڵی ئێرانه. ڕێژیمی ئێران له کاتی تهسلیم کردنی مووسڵ به هێزهکانی داعش و ههروهها له ئازاد نهکردنی تا ئێستا بهرپرسیاره، ئهو چهندهش دهگهڕێتهوه بۆ ڕۆڵی ئێران له دروست کردنی ئاژاوه و شهڕ و ماڵوێرانی له دهرهوهی سنوورهکانی به مهبهستی درێژهپێدانی حکوومهتی دیکتاتۆریی خۆی، که تێزێکی بهناوبانگی ئێرانه.

بێگومان بۆ سهلماندنی ئهو ڕۆڵهی ئێران که له مووسڵ و عێراق گێڕاویهتی، وهکوو نواندنی ڕۆڵی هاوشێوه له ههموو وڵاتانی ناوچه، بۆته هۆکاری ماڵوێرانی و کوژرانی سهدان ههزار سیڤیل و بۆ بهڵگهمهند کردنی سهختیهکی ئهوتۆ نابینم، چوونکه بهڵگهی بێههژمار ههیه. ههر بۆیهش دهبێ بگهڕێینهوه بۆ سهرهتای تهسلیم کردنی ئهو شاره به هێزهکانی داعش، واته مووسڵ چۆن کهوته دست داعش؟ ڕۆژی ١٠ی حوزهیرانی ساڵی ٢٠١٤، گرووپێکی توندڕهوی تیرۆریست به تهواوی دهستیان بهسهر شاری مووسڵدا گرت. که زیاتر له ٤٠ ههزار هێزی لهشکریی به ههموو چهک و تهقهمهنییهکهوه که به میلیاردهها دولار له وڵاتی ئهمریکا کڕدرا بوون، له سێ سوپای گهورهی وڵاتی عێراق به فهرماندهیی نوری مالیکی لهو شارهدا، له ماوهی کهمتر له چهند کاتژمێردا ئهو شاره گرینگهی که به ههموو ئهو چهک و ئامێرانه تهیار کرابوو، تهسلیم بوون. هیچ کارناس یان توێژهرێکی زانستی ناتوانێ ئهو تهسلیم کردنه بهدهر له خواستی فهرماندهی هێزهکان شی بکاتهوه، واته ئهگهر ویستی نوری مالیکی که دواتر ههر لهو پێوهندییهدا بانگهێشتی پارلهمان کرا و سهبارهت به تهسلیم کردنی شاری موسڵ بهو گرووپه لێپرسینهوهی لێ کرا نهبا، ئهو کارهساته ڕووی نهدهدا. مالیکی کهسی یهکهمی ڕێژیمی ئێرانه له عێراق، که واته ئهو ڕووداوه به بێ ئاگاداری و تهنانهت پلانی ئێران نهبووه، ههروهها ئهگهر سهیرێکی چاوپێکهوتنی ئوسامه نوجێیفی جێگری سهرۆک کۆماری عێراق و برای پارێزگاری مووسڵ که له سهرهتای ساڵی ٢٠١٦دا لهگهڵ کاناڵی سکای نیوزی عهرهبی کردی بکهین، به ئاشکرا و به ڕوونی باس له ههڕهشهکانی ئێران بهر له کهوتنی مووسڵ دهکات و دهڵێت؛ له سهفهرێکدا بۆ وڵاتی ئێران بهرپرسانی باڵای ئێرانی ههڕهشهیان له ئێمه کرد که ئهگهر ئێمه هاوکاریی مالیکی نهکهین، ئهوا مووسڵ دهکهوێت. که واته بهرپرسی یهکهمی هاتنی داعش بۆ مووسڵ ئێرانه و لهو ڕێگهیهدا وێڕای نانهوهی شهڕ و ماڵوێرانی چهند ئامانجی دیکهی پێکا که دهتوانین ئاماژه به هێرش بۆ سهر کوردستان بۆ دوورخستنهوهی کوردهکان له ڕێفراندۆم و سهربهخۆیی و ههروهها له دروست کردن و ڕهواییدان به چهندین گرووپی هاوشێوهی حیزبوڵڵای لوبنان بۆ پاراستنی بهرژهوهندییهکانی ئێران و بهکارهێنانیان وهک ئامرازی ههڕهشه له ناوچهدا بکهین. ئێستا دوای زیاتر له دوو ساڵ، ڕزگار کردنی مووسڵ وهک بابهتێکی لهشکری سهیر ناکرێت، بهڵکوو وهک بابهتێکی سیاسی بۆ دابین کردنی بهرژهوهندیی سیاسیی لایهنهکان بۆته هۆکاری ترافیکی دیپلۆماسی له نێو وڵاتانی ناوچهیی و زلهێزهکاندا. کوردهکان که هێزێکی کاریگهرن و به بێ ئهوان ڕزگار کردنی مووسڵ ئاستهمه، داوای گارانتی دهکهن بۆ نهگهڕانهوه بۆ سنوورهکانی بهر له هاتنی داعش. تورکیه که له ڕووی مێژوویی و سیاسهتی ناوچهییهوه خۆی له ههموو کهس زیاتر به خاوهنی مووسڵ دهزانێت و کار دهکات بۆ ئهوهی له پرۆسهکهدا بهشدار بێت و تا دوای نهمانی داعش له بهشداریی خۆی به مهبهستی هاوکاریی هێزهکانی دۆستی خۆی کهڵک وهربگرێت. زلهێزهکان له چوونه ناوهوهی هێزهکانی سهر به ئێران بۆ نێو مووسڵ و دروست بوونی شهڕی تایفی و ئاڵۆزتر بوونی ئهو گێژاوهدا که له دروست کردنیدا خهتاباریشن دهترسن. له ههمووی گرینگتر ئێران که هۆکاری سهرهکیی ئهو ههموو ماڵوێرانیهیه نایههوێ له کۆتاییدا مووسڵ وا به ئاسانی بکهوێته ژێر کاریگهریی کورد و سوننه و تورکیه. تێکهڵ بوونی ئهو ههموو بهرژهوهندییه به ئاراستهی جیاواز وێڕای بهدرهنگ خستنی ڕزگار کردنی مووسڵ، ئاکامهکهشی تا ڕادهیهک تاریک و ئاڵۆز کردووه. کارکردنی ڕێژیمی ئێران بۆ بهشداری له ڕزگار کردنی مووسڵ له ڕێگهی گرووپهکانی وهک حهشدی شهعبی و پهراوێز خستنی هێزهکانی دژبهری خۆی، ههوێنی ئهو ئاڵۆزییهیه. تهنانهت ئهگهر لهو ڕۆژانهدا مووسڵ ئازادیش بکرێت، دهبێ چاوهڕوانی پلانی دیکهی ڕێژیمی ئێران بین بۆ ئاڵۆزتر کردنی ڕهوشهکه و بهردهوام کردنی ئهو نائارامیه و ڕهوشی شهڕ له ناوچهدا. لهوانهیه ئهو پلانه له دهستێوهردان له کاروباری گهڕانهوهی شهنگال بۆ سهر کوردستان و به کارهێنانی ئهو خهڵکه شیعه مهزههبانهی که لهو ناوچانه دهژین خۆی ببینێتهوه. ئێستا کارهساتی سهرهکی ئهوهیه که له دوای ئهو ههموو خهساره مرۆڤیه له عیراق، له کاتوساتی دهستپێکردنی ئۆپهراسیۆنی موسڵدا، زیاتر له گهڕانهوهی هێمنی و ئاسایش بۆ خهڵکی ناوچه و پاراستنیان، باس له بهرژهوهندیی وڵاتانی ناوچه دهکرێت. ههربۆیهش ڕێژیمی ئێران وهکوو کلیلی ههموو ئاڵۆزییهکانی ناوچه، له شاری مووسڵیشدا ههر له دهستپێکی تهسلیم کردنیهوه تا ڕزگار نهکردنی ئێستا و پلان بۆ بهردهوامیی ئاڵۆزییهکان دوای ڕزگار کردنی کار دهکات، که جارێکی دیکه ئهو چهنده بۆ ههموو لایهک دهسلمێنێت که؛ تا ئهو ڕێژیمه بمێنێ، هێمنی و ئاسایش له ناوچهدا تهنیا له خهوندا مسۆگهر دهبێت.

## پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور و حیزبی دێموکرات چاوپێکهوتنیان ئهنجام دا



سکرتێری پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور لهگهڵ جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبووهوه.

ڕۆژی یهکشهممه ڕێکهوتی ١٨ی ڕهزبهری ١٣٩٥ی ههتاوی، مهسعوود تهک، سکرتێری گشتیی پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور(PSK) سهردانی دهفتهری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و له لایهن ههیئهتێکی ڕێبهریی حیزبی دێموکرات بهسهرپهرهستیی حهسهن شهرهفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازیی لێ کرا.

لهو دیدارهدا، باسێکی سیاسی له نێوان ههردوو لایهندا هاته ئارا و دواییین ئاڵوگۆڕهکانی پێوهندیدار به پرسی کورد به گشتی باس کران و به تایبهت خهبات و تێکۆشانی کورد له کوردستانی ڕۆژههڵات و چالاکیی پێشمهرگهکانی حیزبی دێموکرات و پێشوازیی کۆمهڵانی خهڵکی کوردستان لهم جموجۆڵهی حیزب و شوێندانهرییه سیاسییهکانی له ئاستی ئێران و کوردستان و دهرهوهدا باس کرا.

له کۆتاییدا دوو لایهن له سهر بهردهوامیی پێوهندهکانیان جهختیان کردهوه

## لقی ئامهدی پارتی سوسیالیستی کوردستان به ناوی د.قاسملووهوه کرایهوه



دوابهدوای کردنهوهی لقی دێرسیم و مێردینی پارتی سوسیالیستی کوردستان، ئهو پارته وهکوو ڕێزلێنانێک له خهباتی ڕێبهر و زانای گهلی کورد د.عهبدولرهحمانی قاسملوو، لقی ئامهدی خوی به ناوی د. قاسملووهوه کردهوه. ڕێوڕهسمی کردنهوهی لقی ئامهدی پارتی سوسیالیست، دوانیوهڕۆی ڕۆژی یهکشهممه، ٢٥ی ڕهزبهری ١٣٩٥ی ههتاوی، له بینای سهرهکیی ئهو پارته له ئامهد به بهشداریی سهرۆکی گشتیی ئهو پارته، نوێنهرانی بهشێک له پارته سیاسییهکان و ڕێکخراوه مهدهنییهکان و ژمارهیهکی بهرچاو له ڕۆشنبیران، ئاکادێمیسییهن و سیاسهتڤانان بهڕێوهچوو. له ڕێوڕهسمهکهدا ڤهدات دهده، سهرۆکی لقی ئامهدی ئهو پارته، کردنهوهی لقهکهیانی پێشکهش به ڕێبهر و زانای گهلی کورد دوکتور عهبدولڕهحمان قاسملوو کرد. ههروهها مهسعوود تهک، سهرۆکی گشتیی ئهو پارته، که له ڕێوڕهسمهکهدا بهشدار بوو، له ئاخافتنێکدا وێڕای لێکدانهوهی دۆخی تورکیه، باکوور، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، به بهربڵاوی تیشکی خسته سهر ڕهوشی کوردستانی ڕۆژههڵات و بزاوت و ڕاسانی کوردستانی ڕۆژههڵاتی به ڕێبهرایهتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بهرز نرخاند و پشتیوانیی خۆیانی له خوشک و براکانیان و تهڤگهری ئازادیخوازی کوردستانی ڕۆژههڵات دووپات کردهوه. مهسعوود تهک ههروهها له درێژهی باسهکهیدا، بانگهێشتی له پارت و لایهنه سیاسییهکانی ههر یهک له پارچهکانی کوردستانی کرد که لهو قۆناغه ههستیارهدا، پێکهوه و به ڕۆحێکی برایانه و ئاشتییانهوه، ههوڵ بۆ پاراستنی یهکڕیزی و یهکیتی نێوماڵی کورد بدهن و به وهلانانی ناکۆکیهکانیان، وهکوو پێویستییهکی ههنووکهیی ههوڵ بۆ پێکهێنانی کۆنگرهی نهتهوهیی بدهن.



# مەسعوود تەک:

# ئەگەر نەتوانین پشتگیری لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، بە دڵنیاییەوە پێشگیریشی لێ ناکەین

وتووێژ: سەلیم زەنجیری

**پارتی سوسیالیستی کوردستان دوای ٤١ ساڵ خەبات و تێکۆشانی نایاسایی و ئیلەگال، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و یاسایی لە تورکیەدا دەستپێکرد. بەڵام دەستپێکردنەوەی ئەو شێوە لە خەباتی پارتی سوسیالیست، هاوکات بوو لە گەڵ هەندێ گۆڕانکاری و ڕووداوی گرینگ لە تورکیەدا، وەکوو بەرفراوان بوونی شەڕ و ئاڵۆزییەکان، کودەتای سەربازی، دۆخی ئاوارتە، گەڕانەوە بەرەو دواوەی دێموکراسی و ...هتد.**
**بە هەمان شێوە خەبات و بەربەرەکانێی گەلی کورد بۆ ماف و ئازادییەکانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەردەوام و ڕوو لە گەشانەوەیە، بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لاپەڕەیەکی نوێ لە خەبات و بەرەبەرەکانێ لە هەمبەر ڕێژیمی ئێراندا هەڵدراوەتەوە کە دەنگدانەوەی زۆری لە ئاست ناوچەکەدا هەبووە.**
**کار و خەباتی پارتی سوسیالیست لە ژینگەی سیاسی و یاسایی تورکیەدا و هەروەها دەنگدانەوەی ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە تورکیە و باکووری کوردستاندا، مژاری سەرەکیی وتووێژی کوردستان لەگەڵ بەڕێز مەسعوود تەک، سەرۆکی گشتیی پارتی سوسیالیستی کوردستانە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:**
**سەرەتا چۆن بوو کە دوای ٤١ ساڵ خەبات و تێکۆشان، ئێوە بەم قەناعەتە گەیشتن کە کۆتایی بە مێتۆدی ڕابردووی خەبات بێنن و قۆناغێکی نوێ لە خەباتی سیاسیی یاسایی لە تورکیەدا دەستپێبکەن؟**
**و:** چیرۆکی لەگالیزەکردنی خەبات و تێکۆشانی پارتەکەمان دوور و درێژە. واتە لە ئەنجامی نیقاشێکی بەرفراوانی ئەندامانی ئێمەدا هاتووەتە ئاراوە. تەقریبەن ٢٢ ساڵ بەر لە ئێستا کە بەڕێز کەماڵ بورکای سەرۆکی حیزبەکەمان بوو ئەم پرسەی هێنایە گۆڕێ و موناقشەی زۆری لە سەر کرا، بەڵام هیچکات نەبوو بە مژار یان ڕاسپاردەی کۆنگرەکانمان. بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەی ٨ی حیزبەکەماندا ئەو مەسەلەیە بووە ڕۆژەڤ. جیا لە باسی نێو ئەندامان، لە کۆنگرەشدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئەو مەسەلەیەمان تاوتوێ کرد. بەڵام زۆرینەی کۆنگرە لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە جارێ کاتی لەگالیزەکردنی خەباتی پارتەکەمان نیە، بۆیە وەکوو دۆسیایەکی کراوە بۆ باس و موناقشە لە نێو ئەندامماندا هەر بە کراوەیی مایەوە.
لە ڕاستیدا ئەمە ئاستەنگێکی گەورە و سەرەکی بوو لە پێش خەباتەکەمان. بۆیە لە کۆنگرەی دەیەمی حیزبەکەمان کە لە ساڵی ٢٠١٤دا پێکهات، بە زۆرینەی دەنگ بڕیار درا کە دەست بە خەباتی لەگال لە تورکیەدا بکەین، هەڵبەت بۆ ئەمەش میکانیزمێکی ١٢ خاڵیمان ئامادە کرد. ئەوە بوو کە لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ڕابردوودا من و چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی ڕێبەریی پارتی سوسیالیست گەڕاینەوە دیاربەکر و بەرنامەی حیزبەکەمان هەموار کرد. چوونکە دەبوایە بەپێی دەستووری تورکیە و یاسای ئەحزاب لەو وڵاتەدا هەندێ گۆڕانکاریمان لە بەرنامەکەماندا کردبا.

**بەپێی یاسای تورکیە چ کێشە و ئاستەنگێک لە بەرانبەر خەبات و تێکۆشانتاندا هەیە؟**
**و:** بەپێی یاسای ئەحزاب لە تورکیە، سەرەتا دەبێ داوای یاسایی لە وەزارەتی نێوخۆدا تۆمار بکەیت، ئەگەر شتێکی نایاسایی هەبێت دۆزگەر و دادگا دۆسیا لە دژی دەکەنەوە. بەگشتی هەم ڕێگای خەباتمان ئاوەڵایە و هەم داخراو و ئاستەنگ کراو. پارتی سوسیالیستی کوردستان سێیەم پارت بە پاشگری کوردستانییە کە لە تورکیەدا دامەزراوە و ڕەنگە پارتی دیکەش لەو ماوەیەدا بەم پاشگرەوە دابمەزرێت. کاتێک ئێمە پارتی سوسیالیستمان دامەزراند، لە تورکیەدا سوسیالیزم قەدەغە نەبوو، بەڵکوو ناوی کوردستان و ناسنامەی نەتەوەیی ئێمە قەدەغە بوو. بۆیە ئێمە پارتێکی ئیلەگالمان دامەزراند. ئەوکات نەتەنیا وشەی کوردستان، بەڵکوو وشەی کوردی و ئاخافتنی کوردیشی قەدەغە بوو و هەر کەسێک وتبای کە کوردم، دەگیرا و زیندانی دەکرا. بۆیە پارتی سوسیالیستی کوردستان بە پێچەوانەی خواست و حەزی ئێمە، وەکوو حیزبێکی ژێرزەمینی و ئیلەگال دامەزرا.

**دەستپێکردنی ئەو قۆناغە نوێیە لە خەباتی ئێوە بە شێوەی یاسایی، هاوکاتە لە گەل ڕوودانی زۆر ڕووداوی گرینگ لە تورکیە وەکوو شەڕ و تێکهەڵچوونەکان، کودەتای سەربازی، دۆخی ئاوارتە و تەسفییەکانی دوای کودەتا و... هتد. ئێستا ژینگەی سیاسیی تورکیە بۆ کار و خەباتتان چەندە لەبارە یان چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟**
**و:** ئەوەیکە لە تورکیەدا دەگوزەرێت، بۆ ئێمە پێشبینی کراو بوو. بەڵام ئەوەیکە چاوەڕوانیمان لێ نەدەکرد، هەوڵی کودەتا بوو. کاتێک ئێمە دەستمان بەو خەباتە کرد، پێشبینی زۆر لەمپەر و ئاستەنگمان لە بواری سیاسی، ئابووری، ئیداری و... هتد، لە سەر ڕێگامان کردبوو. بۆ نموونە بینای پارتەکەمان لە بەرانبەر بینای پارێزگای مانیسا لە شاری ئەگە هەڵکەوتووە و پەنجەرەکانی ڕووبەڕووی یەکترن. جەنابی والیی مانیسا چاوی بە تابلۆی سەر ئۆفیسەکەمان کە ناو و لۆگۆی پارتی سوسیالیستی کوردستانی پێوەیە، هەڵنایەت و فەرمانی داوە کە تابلۆکە داگرن. ئەمە شتێکی نایاساییە و لە چوارچێوەی سەلاحیاتی والیدا نیە و ناتوانێ چاوەدێریی کار و خەباتی ئەحزابی سیاسی بکات. بەڵام لە بەر ڕاگەیاندنی ڕەوشی ئاوارتەی دوای کودەتا، هەر یەک لە ٨١ والی لە ٨١ پارێزگای تورکیەدا بۆ خۆیان بوونەتە پاشایەک و لە دەرەوەی یاسا حوکم دەکەن و بڕیاری لەم چەشنە دەدەن.

**باشە ئەو دۆخە هەتا کەی بەردەوام دەبێت؟**
**و:** حکوومەتی تورکیە لە سەرەتادا ڕایگەیاند کە بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ بەردەوام دەبێت، بەڵام لەملاوە پارلەمانی تورکیە هەر سێ مانگ جارێک تەمدیدی دەکاتەوە و سەرۆک کۆماریش ڕایگەیاندووە کە ئەم مەسەلەیە بەم زووانە چارەسەر ناکرێت و ڕەنگە هەتا ساڵێک بەردەوام بێت. بۆیە ئەگەر هێزە دێموکرات و ئاشتیخوازەکان دەنگیان هەڵنەبڕن و لە بەرانبەر ئەم بێدادییەدا ڕانەوەستن، ئەو وەزعە درێژە دەکێشێ و وادیارە هەتا پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆغان نەگاتە ئامانجەکانی، بەردەوامی بەم ڕەوشە دەدات.

**باشە ئامانجەکانی چین؟**
**و:** بە بڕوای من ئامانجی سەرەکی، پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی تورکی - ئیسلامییە و ئەردۆغان خۆی وەکوو خەلیفەی هەموو موسلمانان بە تایبەت سوننەکان و موختاری هەموو ناوچە و جیهانی عەرەبی دەزانێت. بەڵام بە نەزەری من ئەو پرۆژەیەی سەرناکەوێ، لەبەرئەوەیکە سەردەم گۆڕاوە، ڕۆژهەڵات گۆڕاوە، تورکیەی جارانیش نەماوە، تورکیە کە چەند ساڵ لەوەپێش وەکوو مۆدێل بۆ ناوچەکە دەبینرا، ئێستا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەنیا یەک دۆستی هەیە، ئەویش کوردی باشوورن، لە گەڵ ئێران و زۆربەی وڵاتان لە کێشەدایە.

**زۆر لایەن و چاودێری سیاسی، ڕەفتار و کردارەکانی ئاکەپەی لە دوای کودەتا سەرنەکەوتووەکەی چەند مانگی ڕابردوو، بە نیسبەت گرتنی جیابیران، لەکارلادانی کارمەندان، مامۆستایان و سەرۆک شارەوانییەکان و ...هتد، وەکوو تەسفیە کردن و کودەتایەکی سپی یان سڤیلی دەزانن. ڕای ئێوە؟**
**و:** بەڵێ ئەوانە ڕەفتار و کرداری نادێموکراتیک و نایاسایین و مرۆڤ دەتوانێ وەکوو دیکتاتۆری و ئۆتۆریتەیزم ناودێری بکات، بەڵام من وەکوو کودەتا نایبینم، لەبەرئەوەیکە کە کودەتا شتێکی ترە.
ئەوەیکە ئاکەپە دەیکات، سوئیستیفادە کردنە لەو دۆخە بۆ پێشگرتن لە کودەتای هاوشێوە. شتێکی باش بوو کە خەڵک ڕژایە سەر شەقام و پێشیان بە سوپا و کودەتاکەی گرت. ئەوکات ئێمە و هەموو ئەحزابی دیکەی باکووری کوردستان و هێزە دێموکراتخوازەکانیش داوامان لە ئاکەپە کرد کە ئەم دۆخە بکاتە دەرفەت و هەوێنێک بۆ یەکیتی و دووبارە نەبوونەوەی ڕووداوی لەم چەشنە، کە خۆی لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا و میلیتاریزمدا دەبینێت.

**ئێستا باکووری کوردستان لە دۆخێکی ناڵەبار و مەترسیداردا دەژیت، زۆرێک لە شار و شارۆچکەکان وێران و کاوڵ کراون، خەڵک گیراوە، دەربەدەر کراوە، ئایا ئەو نەهامەتی و وێرانکارییانە لە باکووردا ڕەوان؟**
**و:** هۆکاری ئەسلیی دەربەدەریی گەلی کورد و کاوڵ و وێران کردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، سیاسەتی داگیرکاریی دەوڵەتی تورکیەیە، بەڵام نابێت سیاسەت و ستراتیژیی هەڵەی پەکەکەش لەبیر بکەین. هەڵقەندنی خەندەق و ستراتیژی گەلی شۆڕشگێر و ...هتد، هەڵەی ستراتیژیکی پەکەکە بوون. ئەو ستراتیژە هەڵەیەی پەکەکە، بیانوو و دەرفەتی بۆ تورکیە ڕەخساند کە بە هەموو هێزی خۆیەوە، هێرش بکاتە سەر شارەکانی سوور، گەوەڕ، سلۆپی، جزیر و ناوچەکانی دیکە و وێرانی بکات.

**واتە دەوڵەتی تورکیەش هەر لە بیانوویەکی ئاوها دەگەڕا؟**
**و:** بەڵێ مرۆڤ دەتوانێ ئاوهاش ببینێت و لێکی بداتەوە. ئەوەی کە ئەمڕۆ لە تورکیە ڕوودەدات بەردەوامیی ئەو سیاسەتەیە. دەوڵەتی ئاکەپە بە بیانووی جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن، هێرشی کردە سەر مامۆستایانی کورد، جیابیران، ڕەخنەگران و دژبەرانی حکوومەت و ئەو ئاکادیمیسیەن و کارمەندانەی کە لە دەرەوەی ئاکەپەن. بەڵام ئاکەپە ناتوانێ بەم شێوەیە بەردەوام بێت و حکوومەت بکات و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمە دەتەقێتەوە. من هیوادارم کە ئەو ڕەوشە بەرەو ئارامی هەنگاو بنێت، لەبەرئەوەیکە کێشەکانی تورکیە بە توندوتیژی چارەسەر ناکرێن. بە تایبەتی کێشەی کورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا کە دەوڵەت هەوڵی داوە بە توندوتیژی و تواندنەوە چارەسەری بکات، بێ‌ئەنجام و ناکارامە بووە. پەکەکەش ٣٢ ساڵە کە شەڕی چەکداری دەکات و لە جیاتی قازانج، زەرەری بۆ کورد بەدیاری هێناوە. بۆیە ڕێگای توندوتیژ، چارەسەری ناهێنێت. باشترە هەموو لایەنەکان بە دەوڵەت، ئاکەپە و لایەنە دێموکراتخوازەکانی تورکیە و وڵاتپارێزانی کوردستانەوە هەوڵ بۆ ئارام کردنەوەی ڕەوشەکە و گەڕاندنەوەی بۆ دۆخی پێشووتری بدەین و بە ڕێگای دیالۆگ و دێموکراسییانە، چارەیەک بۆ کێشەی کورد بدۆزینەوە.

**هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی تورکیە، خەبات و بەرخودانی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکە و بە تایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات گەرموگوڕتر بووە و دوای ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگ بوونی چەکی پێشمەرگەکان، ڕاسان یان ڕابوونێکی دیکە لە فورمێکی نوێدا دەستی پێکردووە، ئەمە چۆنی هەڵدەسەنگێنن و چلۆن دەنگدانەوەیەکی هەبووە لە تورکیە و باکووردا؟**
**و:** بەر لە هەر شتێک دەمەوێت پشتیوانیی خۆمان وەکوو پارتی سوسیالیستی کوردستان لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو قۆناغە کە بە ڕابوون یان ڕاسان ناسراوە، دوبارە بکەمەوە. ئێمە لە ڕابردوودا و ئێستاش هەر پشتیوانی خەباتی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات بووین و دەبین. واتە ئەگەر نەتوانین پشتگیری بکەین، بە دڵنیاییەوە پێشگیریشی لێ ناکەین. بە خۆشییەوە ئەو ڕابوونە و چوونی پێشمەرگەکان بۆ نێوخۆ و دروشمی گرێدانی خەباتی شاخ و شار دەنگدانەوەی باشی لە باکووردا هەبووە، بە تایبەت ئەوانەی کە حیزبی دێموکرات دەناسن و شارەزای خەبات و تێکۆشانی ئەو حیزبەن، دڵخۆشن بەو خەباتە و بە هیوان کە ئەو تەڤگەر و بزاوتە سەر بکەوێت و بە ئەنجام بگات. بەڵام لەولاشەوە هەندێ موریدی سیاسی، ساویلکە و کوێرفام هەن کە بە دەهۆڵی ڕێژیمی ئێران هەڵدەپەڕن و ئەو خەباتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەوڵەتانی ناوچەوە گرێ دەدەن، ئەوە ڕاست نیە.
بۆچی ئەوانە خەباتی چەکداری بۆ خۆیان بە ڕەوا، بەڵام بۆ براکانیان بە ناڕەوا دەزانن؟ ئەمە دڵسۆزی و نیەتپاکی نیە و ئامانجێکی سیاسی لە پشت ئەو گوتارە قرێژەوەیە. بەڵام ئەوەیکە پێوەندی بە ئێمە، وەکوو پارتی سوسیالیستی کوردستانەوە هەیە، ئەرکی سەرشانمانە کە بە هەموو توانامانەوە بۆ ناساندنی خەباتی ڕەوای خووشک و براکانمان لە ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە حیزبی خۆمان و حیزبی برا و دۆستی دەزانین و ساڵانێکە پێوەندی دۆستانە و برایانەمان لە گەل یەکتر هەیە، کار و خەبات بکەین و لە بەرنامەماندایە کە کاری تایبەتی، بە تایبەتی بۆ بیروڕای تورک بکەین.

**ئایا هیچ چالاکییەکتان لەم پێوەندییەدا کردووە؟**
**و:** چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا، مەراسیمی کردنەوەی تەشکیلاتی ئاشکرای پارتەکەمان لە شاری دێرسیم بەڕێوە چوو و ئێمە ئەو ڕێوڕەسمەمان لە خۆشەویستیی خەڵکی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات، بە ناوی د.سەعید شەرەفکەندی نەمرەوە ناودێر و کردەوە و پێشکەش بە یادی ئەو گەورە ڕێبەرەمان کرد. مەراسیمی تەشکیلاتیمان لە مێردین بەڕێوە چوو کە لە سەر چوار سەرکردەی کورد پێشەوا قازی محەممەد، سەید ڕەزا دێرسیمی، شێخ سەعید و مەلا مستەفای بارزانی بوو. هەروەها لەم ڕۆژانەی دواییدا لقی ئامەدی پارتەکەمان کرایەوە کە بۆ ئێمە زۆر زۆر گرینگ بوو، چوونکە ناوەندی خەباتی ئێمەیە، ئەو مەراسیمە و کردنەوەی لقی پارتەکەمان، بە ناوی شەهید د. قاسملووەوە وەکوو ڕێزلێنانێک لە خەبات و تێکۆشانی ئەو ڕێبەرە بلیمەت و زانایەی گەلی کوردەوە ناودێر و کردەوە. بە گشتی دەبێ لە زۆر بوارەوە کار بۆ نواندنی ڕەوایی خەباتی براکانمان لە ڕۆژهەڵات بکەین و بە ئەرکی خۆمانی دەزانین.

**وەکوو سیاستڤان و چاودێرێکی کورد، پێت وایە لەم حەرەکەتەی دواییدا چی پێویست بووە کە نەکراوە یان دەبێت ئامادەکاریی بۆ بکرێت؟**
**و:** ئەو خەباتە دوور و درێژە. بەرزی، نزمی و هەوراز و نشیوی خۆی هەیە و ڕەنگە کۆسپ و ئاستەنگی زۆرتری بێتە سەر ڕێگا، بەڵام من لە حیزبی دێموکرات خاترجەم و پشت ئەستوورم کە لە سەر مافی نەتەوەیی گەلی کورد شێلگیر و پێداگرە و ڕەنگە جاروبار پاشەکشەی تاکتیکیشی کردبێت، بەڵام هەرگیز لە سەر داخوازی نەتەوەیی و دێموکراتیکی خۆی پاشگەز نەبووە و نابێت و سەربەرزانە بەردەوام دەبێت.

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No: 687* ▪ *22 oct 2016*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia


